خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا    لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیاری پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان رەئوف    ئەرسەلان حەسەن

باوان عومەر    بابان ئەنوەر

# مارکس و ئازادی

## تێری ئیگڵتۆن

وەرگێڕانی: دانا شوانی

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (141)

ناوی کتێب: مارکس و ئازادی
بابەت: فکری
ناوی نووسەر: تێری ئیگڵتۆن
وەرگێڕانی: دانا شوانی
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
هەڵەچن: نیاز کەمال - کەیوان عومەر - زریان رەحیم
تیراژ: 500 دانە
ساڵی چاپ: 2016
چاپخانە: حەمدی
نرخ: 1500 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1718)ی ساڵی2016ی پێدراوە

# ماركس و ئازادی

تێری ئیگڵتۆن

وەرگێڕانی: دانا شوانی
2016

**پێشکەشە بە:**

-باوکم، ئەو پیاوەی هیچ وەختێک نیگەرانییەکانی نارەوێتەوە؟

## ناوەڕۆک


لە باتی  پێشەکی (بۆچی مارکس گرنگە)؟..................................7

فەلسەفە.........................................................................11

ئەنترۆپۆلۆژیا...................................................................35

مێژوو..........................................................................63

سیاسەت........................................................................87

سەرچاوە و  یاداشتەکان....................................................99

## لەباتی پێشەکی
## بۆچی مارکس گرنگە؟

لەڕاستیدا پەیڕەوانی هێگڵ کەم نەبوون، زۆربەیان ناو و ناوبانگێکی زۆریان بەدەستهێنا، بەڵام هیچ کامیان هێندەی مارکس نەگەیشتنە لوتکەی ناوبانگ. ماوەیەکی زۆر بەسەر لەدایکبوونیەوە تێدەپەڕێت، بەڵام هیچ کەس هێندەی ئەو نەبۆتە جێی مشتومڕ.

کارڵ مارکس (1818–1883) فەیلەسوف، کۆمەڵناس، مێژووزان، ئابوریزانی ئەڵمانی، دەشێت بە یەکێک لە کاریگەرترین کەسی مێژووی مرۆڤایەتی لەقەڵەم بدرێت. لەگەڵ فریدریك ئەنگڵس لە ساڵی 1848 کتێبی مانفێستی پارتی کۆمۆنیستیان نووسی، کە کاریگەرترین و دیارترین کتێبی مێژووی بزوتنەوەی سۆسیالیستییە، جگە لەوە، مارکس نووسەری کتێبی سەرمایەیە کە بە رووحی تێگەیشتنە فەلسەفەیی و ئابورییەکانی دادەنرێت. پتر لە سی ساڵی

تەمەنی لە تاراوگە، لە لەندەن بەسەربرد، تەنانەت هەر لەوێ سەری نایەوە، دوای خۆی بۆچوونەکانی بوونە زایەڵەی چەندان بزوتنەوە و شۆڕش. بە سەرکەوتنی بەلشەفیکەکان لە روسیا لە ساڵی 1917 لایەنگیرانی کۆمۆنیزم و مارکسیزم هەموو جیهانی تەنی، حکومەت و خەڵکانێکی زۆر وەك مارکسیست خۆیان ناساند، هەرچەندە بۆچوونی زۆربـەی ئەو مارکسیستانە لەگەڵ هـزری مارکس وێکنەدەهاتنەوە. ئەم پارادۆکسە لە ساتەوەختی ژیانی مارکسیش هەر بوونی هەبوو، تەنانەت مارکس لەمەڕ روانگەکانی پارتی سۆسیال دیموکرات لە فەرەنسا کە خۆیان بە مارکسیست دەزانی، رایگەیاند: «باشە لانیکەم ئەوە دەزانم کە من مارکسیست نیم!«.

هەرچەندە بیرمەند و خەڵکانی تریش بۆچوونگەلی هەمەچشنیان لەبارەوە هەیە، تەنانەت بیرمەندێکی ئێرانی لەبارەی مارکسەوە پێیوایە: مارکس پەیامبەر یان دوا رزگارکەری مرۆڤ نەبوو، نە هەموو ئەوەی دەیڵێت راستە، نە هەموو ئەو رێگەیانەی دەیخاتەڕوو لەپێناو خۆشبەختی مرۆڤەکاندایە، ئەویش وەك تەواوی بیریارەکانی دیکە کلیلی دۆزینەوەی حەقیقەت و ئازادی لە گیرفاندا نەبوو. دەنگ و سەدای مارکس یەکێکە لە ئاوازە سەرەکیی و گرنگەکانی شکۆی کولتوری رۆژئـاوا. ناوی مارکس بێگومان نە تاکە ناوە، لەوانەشە نە گرنگترین، وەلێ دەنگ و سەدایەکی رەخنەگرانەیە کە لەدنیای فیکرییدا، شوێنێکی باوەڕپێکراوی هەیە. مارکس لەو چەشنە بیرمەندانەیە کە بێ سەرنجدان لە کار و بەرهەمەکانی، ناتوانین ئەم چاخ و قۆناغە مێژوویی و جیهانی هاوچەرخە بە شێوەیەکی ورد بناسین.

کتێبی «مارکس و ئازادی» کتێبێکی کەم قەبارەی تێری ئیگڵتۆنە، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆتلیج لەنێو ئەو زنجیرە بیست و چوار بەرگییە بڵاوبۆوە کە بە «فەیلەسوفە مەزنەکان» ناو و ناوبانگی دەرکردبوو. ئەم کتێبە بە ڕواڵەت بە بچوک دێتە بەرچاو، وەلێ لە ناوەڕۆکدا قسە لە بابەتگەلێکی گرنگی فیکری مارکسدا دەکات، لەم کتێبەدا، ئیگڵتۆن جەخت لەسەر چوار کایەی فیکری مارکس دەکاتەوە، ئەوانیش: سیاسەت، مێژوو، فەلسەفە و ئەنترۆپۆلۆژیایە.

ئیگڵتۆن پێیوایە، لە دیدی مارکسەوە، ئەو ساتەوەختە ئازاد دەبین کە بەدەر لە هەر پاڵنەرێکی جەستەیی شت بەرهەمبهێنین. ئەو، بە باسکردنی ئەم خاڵەی کە مارکس زیاتر قەلەقیی جیاوازی هەیە تا یەکسانی، ڕوونیدەکاتەوە لای مارکس ئازادی پەیوەستە بە کاری بازرگانی؛ ئازادی هاوشێوەی «جۆرێکی زێدەئافرێنەرە بەسەر ئەو شتەی کە لەڕووی مادییەوە پێویستە». لەڕاستیدا، ئیگڵتۆن ڕوونکردنەوەیەکی گشتی لەبارەی هزرەکانی مارکسەوە بە دەستەوە دەدات، ئەگینا قسەکردن لەسەر تەواوی فیکری مارکس بە تێروتەسەلی کار و پرۆژەی کتێبێکی چەند بەرگییە. ئەو لەم چوارچێوەیەدا، ڕوونکردنەوەیەك لەبارەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، کار و خاوەندارێتی دەخاتەڕوو، ئەم چەمکانەش ناوکی هزری مارکس پێکدەهێنن.

مارکس پێیوایە سۆسیالیزم ڕاگەیاندنی بەردەوامی شۆڕش و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایە، ئەمەش مەرجی تێپەڕینە بەرەو ڕەشکردنەوەی جیاوازییە چینایەتییەکان بە شێوەیەکی گشتی، نەهێشتنی هەموو ئەو پەیوەندییانەی بەرهەمهێنان کە لەسەر ئەم جیاوازییە جێگیر بووە.

ئێگڵتۆن پێیوایە لە سۆسیالیزمیی مارکسدا، لە سۆسیالیزمی سبەینێ، نەك سۆسیالیزمی کاریکاتۆریی کە تاوەکو هەنوکە بۆ مرۆڤ خراوەتەڕوو، پانتایی ژیان و بەرهەمهێنان بە پانتایی جوانیناسییەوە دەمێنێتەوە. بە گشتی ئەم کتێبە بایەخ و گرنگی خۆی هەیە لە دنیای فیکردا، پێویستیشە خوێنەری کوردی ئاگاداری ئەو دیدە جیاوازە بێت کە ئیگڵتۆن بە پێچەوانەی راڤەکەرانی دیکەی مارکسەوە کردویەتی.

* * *

پێویستە ئەوەش بڵێم کە بۆ ئەو کورتە ناساندنەی سەرەوە سود لە پێشەکییە فارسیی و ئینگلیزییەکە وەرگیراوە. وێڕای ئەوەش، لێرەدا جێی خۆیەتی کە سوپاسگوزاری برای زێدە ئازیزم کاك رزگار جەباری بم، کە سەرەتا ئەرکی پێداچوونەوەی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆی خۆی، دواتر پێکەوە قسە و رامان گۆڕیەوە لە کوردانندنی هەندێک لەو چەمکانەی کە ئەدەبیاتی فیکری فەلسەفیی ئێمە تاوەکو ئێستا بە زەحمەت دەتوانرێت بەرامبەری بۆ بدۆزرێتەوە.

**دانا شوانی**

**بۆ ئەم وەرگێڕانە سود لەم دوو سەرچاوەیە وەرگیراوە:**

یەکەم: tery Eagleton, marx (and freedom), the greate philosophers, 1997.

دووەم: تری ایگلتون، مارکس و ازادی، ترجمە معصوم بیگی، انتشارات اگە، سال 1383.

## بەشی یەکەم

## فەلسەفە

بێگومان هیگڵ و ئەرستۆ فەیلەسوف بوون، بەڵام کارڵ مارکس بە چ مانایەك فەیلەسوفە؟ مارکس ژمارەگەلێکی زۆر شتی نووسی، کە بە دیدێکی فەلسەفییەوە لێیانی دەڕوانی، هەروەها ئەو بێ هیچ تێبینیەك بە دیدی ئیهانەپێکردنەوە لە زیهنی فەلسەفی (philosophic mind) دەڕوانــی. لە تێزی ناسراوەکەی دەربارەی فیورباخ (تێزی یانزە)، رایگەیاند: «فەیلەسوفەکان بە رێگەگەلی جیاواز تەنیا جیهانیان راڤە کردووە، بەڵام پرسە سەرەکییەکە گۆڕینی جیهانە.»«1» دەشێت کەسێك تێهەڵبچێت و وەڵام بداتەوە کە زەحمەتە بتوانین جیهان ئاوەژوو بکەینەوە، لە کاتێکدا نەتوانین لێی تێبگەین،

هەڵبەتە بە مەرجی ئەوەی کە خودی مارکس بە دڵنیاییەوە لەگەڵ ئەم گوتەیە هاوداستان و هاوچیرۆك نەبێت. مارکس مەبەستی نییە شوێنی هزرەکان بداتە کردارێکی کوێرانە، بەڵکو دەخوازێت چەشنێک فەلسەفەی پراکتیکی دابڕێژێت کە یارمەتی بدات تاوەکو ئەوەی دەتوانێت لێی تێبگات، بیگۆڕێت. گۆڕانی کۆمەڵایەتی و هزریی پێکەوە بەرەوپێشەوە دەڕۆن. مارکس دەنووسێت: «فەلسەفە ناتوانێت بێ دەربازبوون لە پرۆلیتاریا خۆی بەدیبهێنێت، پرۆلیتاریاش ناتوانێت بێ بەدیهاتنی فەلسەفە خۆی بەدیبهێنێت.»«2» تێزی دووەم لەبارەی فیورباخەوە درێژەی دەبێت:

**ئـەم پـرسـەی ئـاخـۆ دەتـوانـرێـت حەقیقەتی ئۆبێکتیڤی (بابەتیی) بە هزری مرۆڤەوە ببەسترێتەوە، نەك بە پرسێکی تیۆری، بەڵکو پرسێکی پراکتیکییە. پێویستە مرۆڤ لە کاری پڕاکتیکیدا، واتە، واقیعەت و دەسەڵات، ئەم جیهانیبوونەی هزری خۆی بسەلمێنێت. باسە گرنگەکە لەسەر واقیعیەت یاخود ناواقیعەتی (non-reality) هزرێکی جیا و سەربەخۆ لە پراکتیك، مەسەلەیەکی تەواو سیکۆلاستیکییە (Schoolastic)[3].**

ئەم جۆرە تایبەتەی تیۆری کار بە تـەوەری «زانینی رزگارییبەخش» دەناسرێت، چەند تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەیە. ئەوە جۆری زانین یا ناسینی پێگەی مرۆڤە کە گروپ

یاخود تاکە کەسێك پێویستی پێیەتی تا بتوانێت ئەم پێگەیە بگۆڕێت، بەم چەشنە، لە وێنەی چەشنی خۆناسینە (Self-understanding)، بەڵام هەروەها خۆناسین بە شێوەیەکی تازە بە مانای گۆڕانی خودیشە بەهەمان کردار، بەم چەشنە، لێرەدا ئێمە سەروکارمان لەگەڵ شێوەیەکی تایبەت لە زانیندا هەیە کە تێیدا کاری زانین و ناسینی ئەوەی بیری لێدەکرێتەوە، دەگۆڕێت. من لە هەوڵداندا بۆ ناسینی خۆم و هەلومەرجەکەم هەرگیز ناتوانم لەگەڵ خۆم بە تەواوی بە هاوجۆر و تەبا (idenical) بمێنمەوە، چونکە ئەو خودی پرۆسەی کاری ناسین ئەنجامدەدات، هەروەها ئەو خودەی کە دەناسرێت، هەنوکە لەگەڵ ئەوەی لە پێش ئەمەدا هەبوون، جیاوازییان هەیە. ئەگەر من ویستبام ئەم هەمووە بناسم، ئەو کات هەمان ئەو پرۆسەیە دەستپێدەکات. ئەمە رێك بەوە دەچێت کە کەسێك بخوازێت بەسەر سێبەری خۆیدا بازبدات یاخود بە گرتنی پرچی خۆی، خۆی بەهەوادا بەرزبکاتەوە، لەبەرئەوەی زانینێکی وەها، هەروەها خەڵك بەرەو گۆڕانی هەلومەرجی خۆی بە شێوەیەکی پراکتیکی ئاڕاستە دەکات، خۆی بە شێوەی جۆرێکی هێزی کۆمەڵایەتی یاخود سیاسی دەردەخات، لە بڕی ئەوەی رەنگدانەوەی  ئەم پێگە مادییە بێت بەڵکو خۆی بەشێکە لەم پێگە مادییە. ئەم زانینە لەبڕی ئەوەی بیرکردنەوەیەکی ئەبستراکت بێت، ئەو زانینە وەك رووداوێکی مێژوویی وایە کە تێیدا ناسینی خەسڵەتەکانی

ئیدی بە روونی لە ناسینی چۆنایەتییەکەیدا جیاناکرێتەوە. ئەو کات، هەوڵدان بۆ خۆ رزگارکردنی پرسەکانی لکاو بە بەها بەپێویست و گرنگ دەزانرێت، هەنوکە زانین لە بارەی پێگەکەتانەوە پەیوەندی بە ئیدراکی واقیعییەوە هەیە، بەم چەشنە، لێرەدا ئەو جیاکارییە باوەی کە فەلسەفە لە نێوان فاکتەکان و بەهاکان دایناوە، بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر رەشدەبێتەوە. مەبەست ئەوە نییە دەتوانرێت لەم چەشنە زانینەدا سودێکی بەهاداری لێ بکرێت، بەڵکو پاڵنەری زانین لە چرکەساتی یەکەمەوە لکاوە بە وەرگرتن و تێگەیشتنێك لە بەهادا.

کەواتە، تێزی یازدەیەم سەبارەت بە فیورباخ جۆرێك لە ویستی دژە کولتورانە بۆ رووکردنە لە بیرکردنەوەی ئەبستراکت و، رووکردنە جیهانی واقیعی نییە، هەرچەندەش دەمارێك لەم دژە رۆشنبیرییە توندوتیژئامێزە لە مارکسیزمی قۆناغی بەراییدا هەیە. ویستێکی لەو جۆرە، لەیاددەکات کە بێ تێگەیشتنگەلێکی ئەبستراکت لە چرکەساتی یەکەمدا هیچ جیهانێکی واقیعی بۆ ئێمە بوونی نابێت. تەنزی جوڵانەوەی مارکس لەمەدایە کە ئەو، ئەم ویستەی نەك وەك فەیلەسوف، بەڵکو رێك وەك چالاکڤانێکی سیاسی دەخاتەڕوو. بەم چەشنە، دەتوانرێت بگوترێت ئەو دەچێتە ریزی نەژادێکی دیار لە «دژهە فەیلەسوفەکان» (anti-philosophers) کە زنجیرەیەك لەوانە پێکدێن

لە کیرکەگارد، نیچە، هایدگەر، بنیامین، ڤیتگنشتاین، لە ڕۆژگـاری خۆمانیشدا، بیرمەندانێکی وەك جاك درێدا و ریچارد ڕۆرتییە کە لای ئەوان، لە بنەڕەتەوە، شتێکی شێواو و سەروسیماتێکچوو لەمەڕ تەواوی کاروباری فەلسەفیی سەردەمەکەیان هەیە. لە دیدی ئەو کەسانەوە، خودی فەلسەفە، نەك وەك هاوشێوەی بابەتەکەیەتی، بەڵکو بووەتە چالاکییەکی سەختی گومانهەڵگر. لەم ڕووەوە، دەیانەوێت یاخود لە تەواوی پرۆژەکەدا بە هۆکارگەلێك کە لە ڕووی فەلسەفییەوە سەرەنجڕاکێش دەمێنێتەوە، تێپەڕ بن، یاخود ڕێگەیەك بدۆزنەوە تا بە تەواوی لەسەر بنەمای پرۆژەیەکی تازە بیخەنەڕوو. ئەو ئامانجەی کە لە دیدی زۆرێك لەم بیرمەندانەوە بە مانای سەرقاڵبوونە بەشێوەیەکی تازە لە نووسینی تیۆرییدا. زۆرێك لەم کەسانە لە هەوڵی خاڵیکردنەوەی بانگەشە میتافیزیکییەکانی فەلسەفەدان، دەکـارێـن ئـەم بانگەشانە لەگەڵ شتێکی بـەڕواڵـەت بنەڕەتیتر غافڵگیر بکەن: بـوون، دەســەڵات، جیاکاری، فۆرمە پراکتیکییەکانی ژیان، یاخود لەمەڕ خودی مارکس «هەلومەرجی مێژوویی». دژە فەیلەسوفیی لەم دەستەیە هێندە جیاوازی لەگەڵ نەیارێکی وەهای فەلسەفەدا هەیە، کە کەسێکی وەك یۆلیسیس (Ulysses) جیاکاری لەگەڵ پێنەگیشتن و کامڵنەبووندا هەیە وەك دەفتەری ڕێنمایی تەلەفۆن.

بۆچی مارکس ئەوەندە گومانی لە فەلسەفە هەیە؟ یەکێك لەو هۆیانەی کە مارکس لە فەلسەفەدا بە چاوی ئەو شتانەوە لێیدەڕوانێت کە لە شوێنێکی ناڕاستەوە دەست پێدەکات. فەلسەفە بەو چەشنەی کە پێویستە، لەوانەیە زۆر لەمێژە دەستی پێنەکردووە. فەلسەفەی ئەڵمانیی باوی هاوچەرخی رۆژگاری ئەو، ئایدیالیزم، لە ئایدیاکانەوە دەست پێدەکات، لە هوشیارییدا بە چاوی بونیادی واقیعیەت دەڕوانێت، بەڵام مارکس دەیزانی بۆ ئەوەی لەبنەڕەتدا ئایدیایەکمان هەبێت، بڕێکی زۆر شتی دیکە پێویست بوو لە پێش ئەمەدا ئەنجامدرابوایە. دەبوایە چ شتێك پێش ئەمە رووی بدایە تا بتوانین دەست بە ریفیلێکشن بکەین؟ دەبێ پێش ئەمە، بە شێوەیەکی پراکتیکی پەیوەندیمان بەو جیهانە هەبێ کە لێی تێڕادەمێنین، بەمچەشنە، لە پەیوەندییەکاندا، شوێنێك بۆ هەلومەرجی مادی و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بکەینەوە:

**بەرهەمهێنانی هزرەکان، چەمکەکان و ئاگایی لە سەرەتادا راستەوخۆ لەگەڵ چالاکیی مادی و دەستاودەستکردنی مادی مرۆڤەکان، زمانی ژیانی واقیعی، تێکەڵاوی یەککراون. لەم قۆناغەدا، وێناکردن، بیرکردنەوە، دەستاودەستکردنی زیهنیی مرۆڤەکان هاوشێوەی پەخشکردنەوەی راستەوخۆی رەفتاری مادیان دەردەکەوێت؟ هەر ئەم مانایە لەمەڕ بەرهەمهێنانی زیهنیی بەو جۆرەی کە لە زمانی**

**سیاسەت، ماف، مـۆراڵ، ئایین، میتافیزیك، مرۆڤدا دەردەکـەوێـت، راستە. مرۆڤەکان بەرهەمهێنەرانی چەمکەکان، هزرەکان و شتگەلێکی دیکەی خۆیانن - مرۆڤە واقیعی و چالاکەکان بەو چەشنەی کە بەهۆی تەواوکاری دیاریکراوی هێزە بەرهەمهێنەرەکانی خۆیان و دەستاودەستکردنی تەبا و هەماهەنگ بەم هێزانەوە تا دوورترین فۆرمەکانی، بڕیاریان لەسەر دەدرێت. ئاگایی هەرگیز ناتوانێت ببێتە شتێك جگە لە بوونێکی ئاگایانە، بوونی مرۆڤەکان پرۆسەی ژیانی واقیعییانە.»[4]**

لێرەدا پێویستە ئەوە باس بکەین کە لە هەمان دۆخدا، مارکس دەیەوێت لە روانگەی ئەپستمۆلۆژیاوە ئاگایی و جیهانی مادی بە شێوەیەکی توندوتۆڵ بەیەکەوە گرێبدات. ئەو تێگەیشتنە سیاسییەش هەیە کە بە گوێرەی ئەو تێگەیشتنە دەیەوێت ئەم پەیوەندییە سست و لاوازبکات. بەو چەشنەی کە دەبینین، لای ئەو، ئەو کاتەی ئێمە ئازادانە، بێ هۆ، بەدەر لە هەر چەشنە پێویستییەکی مادیی کاتی و هەنوکەیی بەرهەم دەهێنین، زیاتر مرۆیین، کەمتر لە گیانلەبەرانی دیکە دەچین. لە دیدی مارکس، ئازادی جۆرێك ئافراندنی زۆروزەبەندە لەسەر ئەو شتەی کە لەڕووی مادییەوە سەرەکی و گرنگە، بەو چەشنەی کە لەم پێوانەیەدا دەردەکەوێ و، دەبێتە پێودانگێك بۆ خۆی. هەروەها لەم روەوە، بۆ ئەوەیە ئەم هەموو شتە لە کۆمەڵگەدا رووبـدات. لە چرکەساتی یەکەمدا، هەلومەرجێکی مادیی

دیاریکراومان پێویستە، بە شێوەیەك كە ئاگاییەکی زۆرترمان لەسەر سروشت هەبێ، کە مارکس بە هێمای دیاریکراویی مرۆڤایەتیمان دەیژمێرێت، بە شێوەیەکی تەنزئامێز، خۆی ئەو هەلومەرجەیە کە لە رووی مادییەوە یەکلایبۆتەوە. لە دیدی مارکس، لە خودی زماندایە کە ئاگایی و پراکتیکی کۆمەڵایەتی بە روونترین شێوە پێکەوە ئاوێزان دەکرێن:

**زمان تا ئەو رادەیە دێرین و کۆنە کە ئاگایی، زمان ئاگاییەکی پراکتیکی و واقیعییە کە بۆ مرۆڤەکانی دیکەش بوونی هەیە، تەنیا لەم رووەوە بۆ منیش بوونی هەیە. زمان، وەك ئاگایی، تەنیا لە پێویستی و لە زەرورەتـی مامەڵەکردن لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە، سەرچاوە دەگرێت.GE)**

بەڵام ئەگەرچی زمان لە پێویستیدا، وەك ڕەهەندێکی پێویست لە کاری بەکۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام بەم پێویستییەوە وابەستە نابێت، هەر وەك دیاردەیەکی ناسراو بە ئەدەبیات شاهیدی ئەم بانگەشەیەیە.

ئەو کاتەی کە بە وردی قسە لەسەر ئاگایی نییە، بەڵکو لەبارەی چەشنێکی سیستماتیك لە ریفلێکشنی ناسراو بە فەلسەفەیە، ئەو کات ئەم روونی و بەرچاوییە، پێویستی بە پسپۆڕانی بواری ئەکادیمی و زانکۆییەکان و جەماوەرێك لە دامـەزراوە پەیوەندیدارەکان هەیە، کە هەموویان لە دەرەنجامی کاردا، تەنیا دەتوانن لە پێش کاری ئەوانی دیکەوە

بودجە دەستەبەر بکەن. ئەمە لایەنێکی ئەو شتەیە کە مارکس لە دابەشکردنی کاری هزری و دەستیدا دەیخوازێت. تەنیا ئەو کاتەی کە کۆمەڵگەیەك پاشەکەوتێکی ئابوری دیاریکراوی زیاتر لە زەرورەتی مادی بەدەستهێنا، ژمارەیەکی کەم لە ئەندامانی، لە پێکهاتەکانی کاری بەرهەمهێنان رزگار بکات، ئەو پێدراوە (ئیمتیازە) بەدەست بهێنێت، کە ببنە سیاسەتمەدار، ئەکادیمیکی و داهێنەرانی کولتوری و هاوشێوەکانی، فەلسەفە دەتوانێت بە کامڵترین مانای خۆی بە گەشانەوە بگات. لەم دۆخەدا، هزر دەتوانێت دەست بە خەیاڵدارێژی بکات کە سەربەخۆیە لە واقیعیەتی مادی، رێك لەو رووەوە تێگەیشتنێکی مادی هەیە کە لە بەرامبەریدا:

> **دابەشکردنی کار تەنیا لە ساتەوەختێك بەڕاستی دەبێتە دابەشکردنی کار، کە دابەشکردنی کاری نێوان کاری زیهنی و کاری دەستی دەردەکەوێت. (یەکەمین شێوەی ئایدۆلۆژیستەکان واتە قەشەکان، هاوکات «لەگەڵ ئەم دابەشکردنە» دەردەکەوێت) لەم ساتەوەختە بەدواوە، ئاگایی دەتوانێت لەڕاستیدا خۆی فریوبدات کە شتێکی جگە لە ئاگایی لە پراکتیکدا هەیە، ئەوەی کە بەڕاستی ئەو شتە دەردەخات، بێئەوەی شتێکی واقیعی دەربخات، لەم قۆناغە بەدواوە، ئاگایی لەو پلەوپایەدایە کە خۆی لە جیهان رزگار بکات، پەل بۆ پێکهێنانی تیۆری «پەتی»، تیۆلۆژیا، فەلسەفە، زانستی ئاکار و هاوشێوەکانی دەنێت(G151).**

بە رای مارکس، لەڕاستیدا کولتور تەنیا باوکێکی هەیە و، ئەویش کارە کە لە دیدی ئەو هاوقورسایی ئەمەیە کە بگوترێت (ئەم باوکە) وەبەرهێنە. ڕەوتی کولتوریی کۆمەڵگەی چینایەتی لەم ڕووەوە زاڵە کە ڕاستییە ناخۆش و نیگەراناویەکان کپ دەکات، ئەم کولتورە زاڵدەکات و باوکێکی شەریفتر بۆ خۆی پەروەردە دەکات، خزمایەتی خۆی ڕەتدەکاتەوە، گومانی هەیە کە کولتور بە سادەیی لە کولتوری پێشووتر، یان لە خەیاڵی تاکە کەسیی ئازاد سەردەربهێنێت، بەڵام مارکس دەکارێت وەبیرمان بهێنێتەوە هزرەکانمان وەك هەستە سروشتییەکانمان، خۆی دەستکەوتی ئەو مێژووەیە کە لەگەڵیدا لە ململانێکردندایە. مێژوو (واتە جیهانی واقیعی) بەردەوام بە ڕێگەیەکی توندتر لە هزرێك وندەبێت، کە دەکارێت لە خۆی بگرێت و مارکس کە وەك دیالێکتیستییەکی باش جەخت لەسەر زاتێکی نەگۆڕ، بێلێوار، نێوانکردەی شتەکان دەکاتەوە، لەو دەزگا فیکرییە خۆبەزلزانانە بێزاری دەردەبڕێت (وەك ئایدیالیزمی هیگڵی) کە لەسەر ئەم بۆچوونەن دەتوانن بە ڕێگەیەك تەواوی جیهان لە تێگەیشتنەکانی خۆیان بئاخنن. تەنزی تەڵخ و ئاڵۆز لێرەدایە کە کاری خودی ئەو (مارکس)، بۆ نموونە، بە پێگەی خۆی دەبێتە هۆی دەزگاسازییەکی نەزۆکی وەها.

کەواتە لە دیدی مارکس، باسەکە لەسەر پرسی هۆکارە مادی و هەلومەرجەکانی خودی هزرە. ئێمە دەتوانین

هۆکارەکانی ئەو پرسە یان ئەو باسە ئاوەژوو بکەینەوە، بەڵام ئایا ئەو هزرە دەتوانێت، بە گوتەیەك، خۆی لێ بەدووربگرێت تاوەکو شتێك لەو مێژووە تێبگات کە هێناویەتییە کایەوە؟ لەوانەیە بۆ ئێمە مۆدێرنەکان هۆکارگەلێکی باشیان لەبەردەستدابێت کە بۆچی هەرگیز ناتوانرێت بە تەواوەتی بەم مەبەستە بگات، بۆچی هەمیشە جۆرێك خاڵی کوێر و نابینا، فەرامۆشکردنێکی وەها یاخود خۆ-ئاڵۆزییەك (Self-opaqueness) بوونی هەیە، کە دڵنیامان دەکاتەوە لەوەی زەین هەمیشە سەرئەنجام لەم هەوڵدانانەدا ناکام دەبێت. خودی مارکس، وەك منداڵی سەردەمی رۆشنگەری، لەوانەیە تارادەیەك زیاتر لە ئێمە، متمانەی بە دەسەڵاتی روونی ئەقڵ هەبووبێت، وێڕای ئەوەش، وەك بیریارێکی مێژووباوەڕ (ئەو پرۆسە پارێزراوانەی ئەقڵباوەڕی و مێژووباوەڕی زۆرجار لە کاری ئـەودا لەگەڵ یەك لە ململانێدان) دیاریدەکات کە ئەگەر تـەواوی هزر مێژوویی بێت، کەواتە ئەم خاڵە دەبێت بە جۆرێك لەبارەی هزری خودی ئەویش راست بێت. لەسەردەمی شارلمانیی (charlemagne) یان چوستر (geoffry chaucer) ناتوانرێت هیچ چەشنە مارکسیزمێك بوونی هەبێت، چونکە مارکسیزم شتێکی زیاتر لە کۆمەڵێ هزری روونە کە هەموو کەسێك، لە هەر کاتێکدا، بتوانێت لێیان تێبگات. مارکسیزم کەم تا زۆر، دیاردەیەکی وابەستەیی شوێنکاتە کە رایدەگەیەنێت هەموو ئەو وتەزایانەی لە بۆتەی

ئەوەوە بیردەکەنەوە (کاری ئەبستراکت، کاڵا، تاکی ئازادی چالاك و هاوشێوەکانی) تەنیا دەتوانن لە میراتی سەرمایەداری و لیبرالیزمی سیاسی سەردەربهێنن. مارکسیزم وەك گوتار، ئەو کاتە سەردەردێنێت کە هەم مومکین و هەم پێویستە وەك «رەخنەی ناوەوەی»ـی سەرمایەداری، لەبەرئەوە وەك دەستکەوتی هاوجۆری ئەو سەردەمەی کە مەیلی هەیە باڵاتر لەوەش بڕوات، سەردەربهێنێت. کتێبی مانفێستی پارتی کۆمۆنیست لە ستایشکردنی چینی ناوەڕاستی شۆڕشگێری گەورە و، شکاندنی زنجیرێکی بەهێز لە دەستوپێی توانا مرۆییەکان کە ئێمە وەك سەرمایەداری دەیناسین، دەستودڵ کراوەیە :

**بۆرژوازییەت، لە هەر کوێیەك کە چەقی بەست، کۆتایی بەهەموو پەیوەندییە فیوداڵی، باوکسالارانە و سادەکان هێناوە، پەیوەندیگەلێکی جۆراوجۆری فیوداڵی، کە مرۆڤەکانی بە«دەستباڵا سروشتییەکەی» دەبەستەوە، بێبەزەییانە لە یەك دابـڕاو، لە نێوان مرۆڤەکان پەیوەندیەکی جگە لە بەرژەوەندی تاکە کەسیی پەتی، «پـارەدانـی بەکاش»ـی بێ سۆزانەی بەجێنهەێشتووە. مەلەکوتیترین گەشانەوە ئایینیەکان، گەرموگوڕی سوارچاکانە و هەستخوازیی بێ کولتورانە لە ئاوە سەهۆڵبەندە خۆخوازانەکان نغرۆ کردووە ... لە گوتەیەکدا، وەبەرهێنانی رووت، بێشەرمانە، راستەوخۆ**

و دڕندانە لە شوێنی وەبەرهێنانی ئاڵۆز لە بازنەی خەیاڵە ئایینی و سیاسییەکان داناوە ... بۆرژوازییەت پۆششی هەستەکانی پەیوەندییە خێزانییەکانی لە یەکدا دڕیوە، ئـەوەش بۆ پەیوەندی پارەویستی کورتکردۆتەوە... بۆرژوازییەت بێ بەدیهاتنی گۆڕانێکی بـەردەوام لە ئامرازی بەرهەمهێنان، بەم چەشنە بێ بەدیهاتنی گۆڕان لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و، بەدیهاتنی گۆڕان لە تەواوی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە، ناتوانێت درێژە بە بوونی خۆی بدات. بەدیهاتنی شۆڕش بەردەوام لە بەرهەمهێنانی ئاشوب و کارەساتە بەردەوامەکان لە تەواوی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، ناپایەدار و پێکدادانی هەمیشەیی، سـەردەمـی بـۆرژوازیـیـەت لە تـەواوی سەردەمەکانی پێشوتر جیادەکاتەوە. تەواوی پەیوەندییە جێگیر و نەگۆڕەکان، هاوشان لەگەڵ زنجیری حوکمی پێشینە، بڕوا کۆن و بەڕێزەکان لە نێودەچن، تەواوی ئەو پەیوەندییانەی کە بەم زووانە درووستبووە، لە پێش ئەوەی شێوە و نـاوەڕۆك بگرێت، بەتاڵ دەکرێتەوە. هەموو ئـەوەی رەق و پتەوە دەبێتە دوکـەڵ و بە هەوادا دەڕوات، هەموو ئەوەی پیرۆزە دەبێتە ناپیرۆز، سەرئەنجام مـرۆڤ ناچاردەبێت بە ئاگاداربوون لە هەلومەرجی واقیعیی ژیان و پەیوەندییەکانی خۆی بە هاوجۆری خۆی رووبەروو بکرێتەوە.»[5]

لەم هەوڵ و کۆششە شۆڕشگێڕییەی کە لە هەمانکاتدا، هەم ستایش هەڵگر، هەم وێرانکەرە، لە لایەك، پایەی مادی بۆ سۆسیالیزم بوونی هەیە، لە لایەکی دیکە، بەردەوام ئەم پرۆژەیە وەك بڵقی سەر ئاوی لێدێت. سەرمایەداری هەموو شێوە نەریتییەکانی ستەمکاری لەنێودەبات، بەم کارەشی مرۆڤایەتی لەگەڵ واقیعیەتێك رووبـەڕوو دەکاتەوە، کە سۆسیالیزم دەبێت بوونی رابگەیەنێت و بیشیگۆڕێت.

لێرەدا هەندێک کەس لەوە تێدەگەن ئەو هزرەی لە هەوڵی ئاوەژووکردنەوەی هەلومەرجی مادیدایە، هەر لە هەمان هەلومەرجی مادییەوە سەرچاوە دەگرێت، بەمانای ئەوەیە، کە فەیلەسوفێکی مادەباوەڕ، ئەو دەستەواژەیەی کە لەبارەیەوە شتێکی پتر لە نیشانەیەکی پێکدژی، بوونی هەیە. ئەرکی بیرکردنەوەی مادەباوەڕانە ئەوەیە کە ئەو واقیعەتەی (جیهانی مادی) لە خۆیدا شەنوکەو بکات کە بەرامبەر بە خودی هزرەکە لایەنێکی دەرەکی هەیە، بەو مانایە بنەڕەتیترە لەو. مەبەستی مارکس لەم گوتەیەی کە لە مێژووی مرۆڤدا، «بوونی کۆمەڵایەتی» هۆشیاری دیاریدەکات نەك بەپێچەوانەوە، بەپێچەوانەی بانگەشەی ئایدیالیستەکان، بەمچەشنەی خوارەوەیە:

**بەمچەشنە، ئاکار، ئایین، میتافیزیك، تـەواوی شتەکانی دیکە، ئایدۆلۆژیا و شێوەکانی هوشیاری هاوشێوەکەیان، ئیدی شێوەی رواڵەتیی سەربەخۆیان**

**ناپارێزن. ئـەوان هیچ مێژوویەك، هیچ ڕەوتێکی پەرەسەندنیان نییە، بەڵام مرۆڤەکان بە بەخشینی پەرەسەندن بە بەرهەمهێنانی مادی و دەستاودەستکردنی مادیی خۆیان، هاوشان بەوەی بوونی واقیعی، هزر و دەستکەوتەکانی هزرەکانی خۆیان دەگـۆڕن. ژیان هوشیاری دیاری ناکات، بەڵکو هوشیاری ژیان دیاری دەکات. (G47)**

کەواتە لێرەدا مارکس ئاوەژوکاری ناسراویی هیگڵە کە دیالەکتیکە ناسراوەکەی، پشت ئەستوور بەوەی کە ئایدیاکان بوونی کۆمەڵایەتی دیاری دەکەن، دەبێت بنجبڕانە بە گوێرەی بنەما ماددەباوەڕەکەی رابوەستێت. لای مارکس، ئەوەی دەیڵێین یان بیری لێدەکەینەوە، سەرئەنجام ئەوەی دەیکەین دیاریدەکات. ئەوە کردارە مێژووییەکانن کە لەژێر گەمە زمانەوانییەکانمان بوونیان هەیە، بەڵام لێرەدا پێویستمان بە یەدەگێك هەیە، چونکە ئەوەی ئێمە وەك بوونە مێژووییەکان ئەنجامیدەدەین خۆی بە قوڵی بە هزر و زمانەوە لکاوە، هیچ کردارێکی مرۆیی لە دەرەوەی سنوری مانا، مەبەست و خەیاڵدا نییە، بەو چەشنەی کە خودی مارکس جەختی لەسەر دەکاتەوە:

**ئاژەڵ لەگەڵ چالاکی ژیانی خۆی هەماهەنگ و تەبایە. ئاژەڵ خۆی لە چالاکییەکانی ژیان جیاناکاتەوە. ئاژەڵ خۆی چالاکیی ژیانە. مرۆڤ خودی چالاکی ژیان**

**بە شێوەی بابەتی ئیرادە و ئاگایی خۆی دەردەخات. مرۆڤ خۆی چالاکی ژیانی ئاگایانەیە. چالاکی ژیان ئەو شێوە دیاریکراوە نییە کە مرۆڤ راستەوخۆ ئاوێتەی بکرێت. (Ew328) ... جاڵجاڵۆکە ئەو پرۆسانە جێبەجێ دەکات کە هاوشێوەی پرۆسەی هۆنینەوەیە، زەردەواڵە لە دروستکردنی ماڵەکانی خۆی زۆرێك لە ئەندازیاران توشی شـەرمـەزاری دەکـات، بـەڵام ئـەوەی خراپترین ئەندازیار لە باشترین زەردەواڵە جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ئەندازیار لە پێش ئەوەی بیناکەی لە واقیعدا دروست بکات، شێوەکەی لە خەیاڵی خۆییدا دروستکردووە.»[6]**

بوونی کۆمەڵایەتی، هزر دەهێنێتە کایەوە، بەڵام خودی بوونی کۆمەڵایەتی لە هزردا قبوڵدەکرێت. وێڕای ئـەوەش، مارکس دەخوازێت بانگەشە بکات کە بوونی کۆمەڵایەتی بنەڕەتیترە -بـەو چەشنەی کە دەیەوێت بانگەشە بکات «ژێرخانی» ماددیی کۆمەڵگە دەبێتە هۆی بەدیهاتنی «سەرخان»ـی کولتوری، ماف، سیاسی و ئایدۆلۆژیاکەی:

**مرۆڤەکان لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیبووندا، خۆیان دەهێننە نێو ئەو پەیوەندییە دیاریکراوانەوە کە لە پێویستی و سەربەخۆ لە ویستی ئەواندایە، واتە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان کە لەگەڵ قۆناغێکی دیاریکراو لە پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنانە**

**ماددیەکەیان تەبا دەکاتەوە. کۆی ئەم پەیوەندییانە، بەرهەمهێنانی ئابوریی کۆمەڵگە، واتە بونیادێکی واقیعی پێکدەهێنێت کە بە گوێرەی ئەو بونیادە سەرخانی یاسایی و سیاسی بینا دەکرێت، فۆرمگەلێکی دیاریکراو لە ئاگایی کۆمەڵایەتی لەگەڵی تەبا دەکاتەوە. شێوەی بەرهەمهێنانی ژیانی مـادی، بە شێوەیەکی گشتی، پرۆسەی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و فیکری بڕیاری لەسەر دەدات. ئەوە ئاگایی مرۆڤەکان نییە کە بوونی کۆمەڵایەتییان دیاریدەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بوونی کۆمەڵایەتییانە کە ئاگاییان دیـاری دەکـات. (دیباچەیەك لەسەر کتێبی رەخنەی ئابوری سیاسی (SW182.**

کـەواتــە، ئەمەیە «تـیـۆری ئـابـوریـی مێژوو»ـی ناسراوی مارکس، مارکس پێیوایە پێشکەوتنەکانی بوونی کۆمەڵایەتی و ئاگایی پێشکەوتنە ئۆنتۆلۆجییەکانن، پەیوەندییان بە شێوەیەکەوە هەیە، کە ئەو بە گوێرەی ئەو شێوەیە مرۆڤەکان لەبەرچاو دەگرێت. چەمکی ژێرخان/ سەرخانیش دەتوانێت بەم چەشنە بێت: ئەم بیرۆکەیە لەسەر ئەو کۆڵەکەیە بەندە کە هەموو فۆرمە کۆمەڵایەتییەکان سەرئەنجام دژایـەتـی و ناکۆکییە ناوەکییەکانی بەرهەمهێنانی ماددی دیاریدەکەن، بەڵام هەروەهاش دەتوانرێت ئەم بیرۆکەیە لە روانگەیەکی

مێژوویی لێی بڕواندرێت، ئەم ڕوانگەیە شێوەیەك ڕووندەکاتەوە کە بە هۆیەوە سیاسەت، ماف، ئایدۆلۆژیا و هاوشێوەکانی لە کۆمەڵگە چینایەتییەکاندا کاردەکەن. گوتەی مارکس ئەوەیە: لە سیستمێکی کۆمەڵایەتیی وەهادا، ڕێك لەو ڕووەی کە «ژێرخان»ـی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ناعادیلانە و پێکدژن، ئەم فۆرمانە هەڵگری ئەرکی پشتڕاستکردن، پەخشکردنەوە یاخود پەنهانکردنی ئەم نادادپەروەریانەن، بەم چەشنە دەتوانین بڵێین، بەم مانایە، پەیوەندییان بە لایەنی دووەم یاخود «سەرخان»ـەوە هەیە. کەواتە، لەم گوتەیەوە دەتوانرێت ئەم مانایە دەربکەوێت کە ئەگەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان عادیلانە بێت سەرخانێکی وەها پێویست نابێت. بە گوتەیەکی دیکە، ئێمە لێرەدا سەروکارمان لەگەڵ ئەرکی سیاسیی ئایدیاکەیاندا هەیە لە کۆمەڵگەدا، نەك تەنیا لەگەڵ خاسیەتە ماددیەکانیان. ئەمەش ئێمە بەڕووی تێگەیشتنی مارکسیستیی ئایدۆلۆژیادا دەکاتەوە.

**هزرەکانی چینی باڵادەست لە هەموو سەردەمێك هزرگەلی زاڵ و دەستباڵان، واتە ئەو چینەی کە بە هێزی مادی زاڵیی کۆمەڵگە دێتە هەژماردن، لە هەمانکاتدا، هێزی فیکری زاڵیشی هەیە. ئەو چینەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی ماددی لەدەستدابێت، لەهەمانکاتیشدا، بەسەر ئامڕازەکانی بەرهەمهێنانی فیکریشدا زاڵە،**

**بە چەشنێك کە بە شێوەیەکی گشتی، هزرەکانی ئـەو کەسانەی بە سودوەرنەگرتن لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی فیکر، شوێنی کەوتوون. هزرە زاڵەکان شتێکی جگە لە دەربڕینی ئایدیاڵی پەیوەندییە ماددیە زاڵەکان، شتێکی جگە لە پەیوەندییە ماددییە زاڵەکان نییە کە هاوشێوەی هزرەکان دەرك دەکردرێن یا قبوڵ دەکرێن...(Gi64)**

ئەو کاتەی فەلسەفە بە شێوەی ئایدۆلۆژیا دەردەکەوێت بە لادانی بایەخیی پیاوان و ژنان لە ململانێیە مێژووییەکان ئاڕاستە دەکرێت، ئەم کارەش، بە جەختکردنەوە لەسەر پێشکەوتنی رووحـانـی یاخود لە رێگەی هـەوڵـدان بۆ چارەسەرکردنی ئەم ململانێیانە لە تەرازوی باڵا و خەیاڵی ئەنجام دەدرێـت. لەم شوێنەوەیە مارکس هیگڵییەکان سەرزەنشت دەکات.

بە پێچەوانەوە، رای خودی ئەو لەبارەی مێژوو:

**پـەیـوەنـدی بـە تـوانـای ئـێـمـەوە هـەیـە بۆ روونکردنەوەی پرۆسەی واقیعیی بەرهەمهێنان، کە لە بەرهەمهێنانی مادی خودی ژیانەوە دەستپێدەکات، هـەروەهـا پـەیـوەنـدی بـە تـوانـای ئێمەوە هەیە بە تێگەیشتنی شێوەی دەستاوەدستکردنێك کە پەیوەندی بەم شێوەیەی بەرهەمهێنانەوە هەیە، ئەم**

شێوەیەی بەرهەمهێنان (واتە کۆمەڵگەی مەدەنی لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا)، وەك پێکهاتەی تەواوی مێژوو، دەیهێنێتە کایەوە، پەیوەندی هەیە بەوەی کە ئەمە لە پراکتیکدا وەك دەوڵەت نیشانبدرێت، هەموو فۆرمەکان و دەستکەوتەکانی تیۆرە هەمەچەشنەکانی ئاگایی، ئایین، فەلسەفە، ئاکار .... هتد روون بکرێتەوە و، رەتکردنەوەی خاسیەت و نەشونماکردنەکەی لەم روەوە بەردەوام بێت،، بەم ئامرازە، دەتوانرێ هەموو شتێك لە گشتێتییەکەی روون بکرێتەوە (هەروەها لەم رووەوە، کارلێککردنی ئەم لایەنە جۆراوجۆرانە لەگەڵ یەکتر بەرچاو دەکەوێ) (Gi58)

بە پێچەوانەی هزری ئایدیالیستییەوە، روانگەیەکی ماتریالیستییانەی وەها، «بەردەوام لەسەر بنەڕەتی واقیعی مێژوو بە جێدەمێنێت.»:

(ئەم روانگەیە) پراکتیك لەڕووی هزرەوە روون ناکاتەوە، بەڵکو پێکهاتنی هزرەکان لەڕووی پراکتیکی مادییەوە روونەدەکاتەوە، بەم چەشنە، بەم ئەنجامە دەگات کە هەموو فۆرمەکان و دەستکەوتەکانی ئاگایی ناتوانرێت لەگەڵ رەخنەی زیهنی، لەگەڵ کرانەوەی «خودئاگایی» یاخود گۆڕانی بۆ خێو، خەیاڵ و هاوشێوەکانی پوچەڵ بکرێتەوە، بەڵکو ئەم کارە، تەنیا دەتوانرێت بە ئاوەژووبوونی پراکتیکی پەیوەندییە

**کۆمەڵایەتییە واقیعییەکان ئەنجام بدرێت کە دەبێتە هۆی بەدیهاتنی ئەم دووڕووییە ئایدیالیستییە ... (Gi58)**

روحی گوتەکەی مارکس ئەوەیە کە ئەگەر پشت و پەنای پرسە تیۆرییە سەرەکییەکان لە ململانێ کۆمەڵایەتیەکاندایە، لەو شێوەیەدا، تەنیا دەتوانرێ لەڕووی پراکتیکییەوە، نەك فەلسەفی ئەو پرسە چارەسەربکرێت. بەمچەشنە، شێوەیەکی دیاریکراو لە فەلسەفاندن دەبێتە هۆی بەدیهاتنی «ناسەنتەرییەکی» دیاریکراو لە خودی فەلسەفەدا. لێرەدا مارکسیش وەك زۆرێك لە دژە فەیلەسوفەکان دەکارێت تەواوی ئاقارەکە، کە گوتار بە گوێرەی ئەو ئاقارە بەیان دەکرێت، بگۆڕێت، کێشە فەلسەفییەکان هەم وەك نەخۆشییەکی سەبتێکستی (subtext) مێژوویی تێبگات، هەم وەك شێوازێك لە خستنەدەرەوەی ئەم سەبتێکستانە لەپێشچاو دەگرێت. هەر چەندە فەلسەفە ئەوە دەخاتەڕوو کە وا خەیاڵ بکات خۆبوونبەخشە (Self-begothen)، پێویستە بە وابەستەیی خۆی بەوەی لێی تێپەڕ دەبێت، رووبەڕووی بکرێتەوە. ئاڕاستەی مادەباوڕانە:

**... نیشانیدەدات کە مێژوو بە چارەسەرکردنی لە «خودئاگاییدا»، هاوشێوەی «روحی روحەکان (spirit of the spirit)» «کۆتایی پێنایەت، بەڵکو تێیدا لە قۆناغی دەرئەنجامی مادی دەدۆزرێتەوە: کۆمەڵێ لە**

**هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندی نێوان تاکەکان بە سروشت و بە خۆیان کە بە شێوەیەکی مێژوویی دێتە کایەوە و، لە هەر نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە، ژمارەیەك لە هێزەکانی بەرهەمهێنان، شێوەی سەرمایە و هەلومەرج کە لە لایەك، لە راستیدا نەوەی تازە هەڵکەندن و چاکسازییان تێدا دەکات، بەڵام لە لایەکی دیکە، هەلومەرجی ژیانی خۆیان بەوە وەسف دەکات و، نەشونماکردنێکی دیاریکراو و تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی پێدەبەخشێت. ئەم ئاڕاستەیە نیشانیدەدات کە هەلومەرج و دۆخەکان بە هەمان رادە مرۆڤەکان درووستدەکات کە مرۆڤەکان هەلومەرج و دۆخەکان درووستدەکەن. (Gi59)**

کەواتە، مرۆڤ تەنیا دەستکەوتی دیاریکراوی هەلومەرجی مادی نییە، ئەگەر وەها بوایە، مارکس چۆن دەیتوانی هیواخوازبێت کە مرۆڤایەتی رۆژێك بتوانێت ئەم هەلومەرجە ماددییە بگۆڕێت؟ مارکس مادەباوەڕێکی «میکانیکی» وەك تۆماس هۆبز نییە کە لە ئاگاییدا، بە چاوی رەنگدانەوەی پەتی لە هەلومەرجەکان بڕوانێت، بەڵکو ماددەباوەڕێکی مێژووییە، بەم مانایەی کە دەخوازێت، خەسڵەت و ئەرکی هزرەکان بە گوێرەی هەلومەرجی مێژوویی کە لکاوە پێیانەوە، روون بکاتەوە.

وێــڕای ئــەوەش، وادێــتــە بــەرچــاو مــارکــس ئــەوەی فەرامۆشیکردووە کە تەواوی فەلسەفە، ئایدیالیستی نییە. هزری خودی ئەو، ئایدیالیستی نییە، بەم شێوەیە، هزری ماددەباوەڕانەی بۆرژوازیەتی گەورەی رۆشنگەری فەرەنساش کە ئەو تێکەڵاویان بووە، ئایدیالیستی نییە. بەو چەشنەی کە لەم چوارچێوەیەدا، هەموو ئایدۆلۆژیاکانیش ئایدیالیستی نیین. وێڕای ئەوەش، روانگەی مارکس لەبارەی فەلسەفەی ئایدیالیستی روانگەیەکی تازەیە: مارکس لە فەلسەفەی ئایدیالیستی بە چاوی شێوەیەك لە وەهم و خەیاڵ دەڕوانێت کە دەکارێت لە زەیندا دەستی بەو شتە بگات کە ناتوانێت لە واقیعەتی مێژووییدا بە دەستی بهێنێت، بەم گوزارشتە، چارەسەرکردنی ململانێیە مێژووییەکان مەرگی بیرکردنەوەی فەلسەفی بە دوادا دێت، بەڵام ئەم خاڵە سەبارەت بە هزری خودی مارکسیش راستە. لە کۆمەڵگەیەکی تەواو کۆمۆنیستیدا، شوێنێك بۆ فەلسەفەی مارکسیستی نییە، چونکە تیۆریەکی وەها بۆ ئەمە بوونی هەیە کە کۆمەڵگەیەکی وەها بێنێتە کایەوە. لە راستیدا، کاری مارکس بە رێگەیەکی دژە یۆتۆپیانە (anti-utopian) خۆی بە شێوەیەکی بەرچاو هەندێک شت لەم بارەیەوە دەڵێت کە هەلومەرجەکانی داهاتو بەڕاستی بە چ چەشنێك دێتە بەرچاو. بەم چەشنە، هزری ئەو، هاوشێوەی تەواوی تیۆری سیاسیی رادیکاڵ سەرئەنجام خۆ-هەڵسەنگێنەرە (Self-abolishing) و، ئەمەش لەوانەیە قووڵترین گوزارشت بێت لە مێژووییبوونی ئەم هزرە.

## بەشی دووەم
## ئەنترۆپۆلۆژیا

هزری پۆست مۆدێرن پێیوایە دژە بنەڕەتخوازانەیە، بۆ هەر بنەڕەتێکی ئۆبێکتیڤییانەی بوون، وەك ئەفسانەی تایبەتیی خۆمان بە دیدێکی گوماناویی لێیدەڕواندرێت. مارکس بە پێچەوانەوە، بیریارێکە لە پلەیەکی کلاسیکیتر یاخود نەریتی تر، لای ئەو، بوونمان بریتییە لەو شێوە هاوبەشەی سروشتیی ماددی کە ئەو پێیدەڵێت «بونەوەری جــۆری[1] (species-being)». ئــەم چەمکەش وەك

-1 (species-being): دەستەواژەیەکی فیورباخییە کە باس لە جۆری مرۆڤ بە شێوە گشتییەکەی دەکات. شێوەی هاوبەشی سروشتی ماددی کە ئاماژە بە هاوبەشییەکانی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ دەکات.

دەستەواژەی «سروشتی مرۆڤ» بە شێوەیەکی ئاڵۆز لە نێوان وەسفکردن و ڕێگەپێدان، لە نێوان واقیع و بەها، ڕوونکردنەوەیەك سەبارەت بـەوەی کە ئێمە چۆنین، دەبێت بە چ چەشنێك بین، گیردەخوات. ئێمە لەڕووی سروشتییەوە، بونەوەرگەلێکی کۆمەڵایەتیین ، بۆ نەمری خۆمان بە یەکترەوە وابەستەین، وێڕای ئەوەش، ئەمە دەبێت هەم بەهای سیاسی بێت، هەم واقیعەتێکی ئەنترۆپۆلۆژی. مارکس وەك بیریارێکی مێژووباوەڕ دەکارێت دامەزراوە مرۆییەکان لە چنگی ئەو نەمرییە درۆینەیەی کە هزری میتافیزیکیی خوی پێوە گرتووە، رزگاربکات، ئەوەی لـەڕووی مێژووییەوە دێتەکایەوە، بـەردەوام دەتوانێت لەڕووی مێژووییشەوە ئاوەژوبکرێتەوە، بەڵام هەروەها ئەو تاڕادەیەك بە چەشنێکی نەشیاو و ناجۆر، هاوشێوەی خودبڕوای ئەرستۆییانە پێیوایە جۆرێک خود یا زات لە ئارادایە، لێرەوەیە کۆمەڵگەی عادیلانە ئەو کۆمەڵگەیەیە تێیدا ئەم زاتە دەرفەتێك بقۆزێتەوە کە تواناکانی خۆی بە شانۆی دەرکەوتن بگەیەنێت. بەم چەشنە، پرسیارەکە لێرەوەیە کە مارکس ئەم پێکدژی و ناتەباییە ڕوونە لە هزری خۆی بە چ چەشنێك چارەسەر دەکات؟

ئەو، ئەم کارە وەك هیگڵ، بەم شێوەیە ئەنجامدەدات کە بە چاوی زاتی مرۆڤایەتی لە گۆڕان و گەشەسەندن دەڕوانێت. لە زاتی ئێمەدایە کە هێزەکانمان بە دیبهێنین، بەڵام ئەوەی کە چ جۆرە هێزگەلێك لەبەرچاومانن، لە چ هەلومەرجێك ئەم

هێزانە بەدیدەهێنین، پرسەکە لە رووی مێژووییەوە تایبەتە. لە دیدی مارکسی گەنج، لە کتێبی دەستنووسە ئابوری و فەلسەفییەکان، ئێمە تا ئەو شوێنە مرۆڤین کە جۆرێکی تایبەت لە «بـونـەوەری جـۆری» لەگەڵ هاوجۆرەکانمان هاوبەشین:

**زاتی مرۆیی سروشت تەنیا بۆ مرۆڤی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە، چونکە تەنیا لێرەدایە کە سروشت وەك پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە، وەك بوونی ئەو بۆ ئەوانی تر، وەك بوونی ئەوانی تر بۆ ئەو، وەك توخمی ژیانی واقیعیەتی مرۆیی بوونی هەیە، تەنیا لێرەدایە کە سروشـت وەك پێکهاتەی بوونی مرۆیی خودی ئەو بوونی هەیە. تەنیا لێرەدایە کە ئەوەی لە دیدی مرۆڤەوە بە بوونی سروشتیەکەی دێتە هەژماردن بە شێوەی مرۆیی ئەو دەردەکەوێت، سروشت لە دیدی ئەو دەبێتە مرۆیی. لەم رووەوە، کۆمەڵگە بریتییە لە یەکانەیی تەواوی زاتی مرۆڤ لەگەڵ سروشت، رابوونی راستەقینەی سروشت، سروشتباوەڕی بە دیهاتوی مرۆڤ و مرۆڤباوەڕی بەدیهاتوی سروشـت ... بە تایبەت پێویستە لەم شتە دووربکەوینەوە کە جارێکی دیکە «کۆمەڵگە» وەك ئەبستراکتێك لەبەرامبەر تاك دابنێت. تاك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. بەم چەشنە، دیاردەی ژیانی ئەو (تەنانەت ئەو کاتەی کە لە پەیوەندیدایە**

**لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە، راستەوخۆ بە شێوەی ژیانی هاوبەشەکی دەردەکەوێت) دیاردە و راستکردنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتییە. ژیانی تاکە کەسی و ژیانی جۆری مرۆڤ دوو شتی لێکجیانین ...(EW350)**

ئایا ئەم بونەوەرە جۆرییە مەبەست یان ئامانجێکی هەیە؟ ئایا مارکس بیرمەندێکی ئامانجباوەڕە؟ بە مانایەك بەڵێ، بە مانایەکی دیکە نەخێر، چونکە مەبەست و ئاماجی بوونی جۆری ئێمە لە جۆرێك لە هاوشێوەی گوتنی داهێنان، بە هەمانشێوە، بریتییە لە بوون بەخشین بە خودی ئەم بوونە جۆرییە. لای مارکس، بەو چەشنەی کە لە دیدی رادیکاڵە رۆمانتیکەکانی دیکەش، هیچ خاڵێك لەودیو پەرەسەندنێکی دڵخۆشکەر بۆ بوونی مرۆڤ لە ئارادا نییە یاخود نابێت بوونی هەبێت:

**ئەو کاتەی کە کرێکارانی کۆمۆنیست کۆدەبنەوە، یەکەمین ئامانجیان پــەروەردە، پڕوپاگەندە و شتی دیکەیە، بــەڵام لە هەمانکاتدا، ویستێکی تــازەش بەرهەمدەهێنن (ویستی کۆمەڵگە)، ئەوەی بە شێوەی ئامڕاز دەخرێتەڕوو، بە شێوەی ئامانج دەردەکەوێت. ئەم رەوتی پێشکەوتنە پراکتیکییە دەتوانرێت بە ناسراوترین شێوە لەخڕبونەوەی کرێکارانی سۆسیالیستی فەرەنسی ببینرێت. جگەرەکێشان، خواردن و خواردنەوە و ... هتد ئیدی ئامرازی بەدیهاتنی پەیوەندی نێوان خەڵك نین.**

**پێکهاتنی گروپ، ئەنجومەن و دانیشتەکانی مشتومڕ و گفتوگۆئامێزانە کە بە نۆبەی خۆی، کۆمەڵگە دەکاتە ئامانجی خۆی، بۆ ئەوان بەسە. برایەتیی مرۆڤەکان خاڵی و بەتاڵ نییە، بەڵکو واقیعیەتە. (EW365)**

ئەم تێگەیشتنە لە سروشت کە خۆ-گەشەسەندوییەکەی (Self-development) ئامانجێکە لەخۆیدا، ئەویش لەبەرامبەر دوو فۆرمی بیرێکی بەهێز کە لە ڕۆژگاری مارکسدا هەبوو. سەرەتا ئەو جۆرە لە ئەرگومێنتی میتافیزیکییە کە بە چالاکی مرۆیی دادەنرێت تاکو لە بەردەم دادگایەکی بەرزتر لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت: واتە ڕوولێنان، ئاکار، بنەما ئاینییەکان، ئایدیای ڕەها. مارکس بە قوڵی لەگەڵ میتافیزیکییەکی وەها دوژمنایەتی دەکات، هەرچەندە، لە باتی خۆی ئاکارخوازێکی قوڵە. ئەو شتەی کە هەیە، لە دیدی ئەو، سیستمی ئاکاری لە ڕاستیدا پشتئەستورە بە پرۆسەی ئاشکراکردنی هێزەکان و توانا ئافرێنەرەکانمانەوە، نەك ئەو یاسایەی کە لەسەر بەرزییەکانی جێبەجێ دەکرێت یاخود کۆمەڵێك ئامانجگەلی شکۆمەند کە لەودیو ئەوەوە دەخرێتەڕوو. هیچ پێویستییەك بە ئاڕاستەکردنی ئەم داینامیکییەوە نییە، بەو چەشنەی کە پێویستی بە ئاڕاستەی پێکەنین یان ئاواز نییە، ئاکار پەیوەندی بە زاتی هاوبەشیی ئێمەوە هەیە.

بەڵام ئەم سیستمە ئاکارییە بوونی خۆی لە ململانێ لەگەڵ ئەو فۆرمە لە ئەقڵ-ئامڕازی دەدۆزێتەوە کە لای ئەو تاکانە، تەنیا بە هۆی ئامانجێکی گەورەتر بوونیان هەیە: بۆ نموونە، بۆ ئامانجێکی وەك دەوڵەتی سیاسی، یان (بەو چەشنەی کە لە هزری سودباوەڕانەی زاڵ لە سەردەمی مارکس) بەرزکردنەوەی خۆشبەختیی یونیڤێرسال. ئەم ئەرگومێنتە ئامڕاز/ئامانجی هەمان ئەو شێوە ئەقڵانیەتەیە کە بە بڕوای مارکس، دەستباڵایی لەسەر کۆمەڵگە چینایەتییەکان هەیە، ئەو کۆمەڵگەیانەی کە تێیدا تواناگەلی زۆربەی مرۆڤەکان بەسودی ژمارەیەکی کەمی خەڵك بە شێوەی ئامراز دەردەکەوێت.

**لە کۆمەڵگەی سەرمایەدارییدا، کار، هەوڵ و تەقەڵای ژیان و خودی ژیانی بەرهەمهێنان لە دیدی مرۆڤ تەنیا وەك ئامرازێك بۆ دەستکەوتنی پێویستی و ویستێك دەردەکەوێت: ئەویش ویستی پاراستنی بوونی جەستەیی، بەڵام ژیانی بەرهەمهێنان، ژیانێکی جۆریی و تایبەتە. ئەم ژیانە تایبەتە، کردەیەکی ژیانخوڵقێنە (life-producing). ئەدگاری گشتیی جۆرەکان، بە دەست چالاکی ژیانییەوەیە، چالاکی ئاگایانە و ئازادانە بە ئەدگاری جۆری مرۆڤ دێتە ئەژماردن. (لە سەرمایەداری)دا، خودی ژیان تەنیا بەشێوەی ئامرازێك بۆ ژیان دەردەکەوێت(EW328).**

له کۆمەڵگەی چینایەتی، وا لە تاك دەکرێت کە ئەوەی بەرامبەر بەو کەمترین لایەنی وەزیفیی هەیە (واتە بوونی جۆریی خۆگەشەسەندوی خۆی (Self-realizing Species-being) بەئامرازێکی پەتی بۆ مانەوەی مادی بگۆڕێت.

هەڵبەتە مەبەستەکە ئەمە نییە کە مارکس ئەرگومێنتێکی ئامرازی وەها یەکسەر دەخاتە پەراوێزەوە. بێ ئەم ئەرگومێنتە ئامرازییە بە هیچ شێوەیەك هیچ کردەیەکی ئەقڵانی ناتوانێت بوونی هەبێت، سیاسەتی شۆڕشگێری خودی مارکس تەبابوونی ئامراز و ئامانج دەکاتە پێویستییەك، بەڵام لە تەنزە جۆراوجۆرەکانی هزری ئەودا ئەمەیە، کە ئەم هزرە بە کاری دروستکردنی کۆمەڵگەیەك دێت کە تێیدا پیاوان و ژنان وا لێبکات هاوشێوەی ئامانجە رادیکاڵەکان لە زاتی خۆیان پەخش ببنەوە. رێك لەو رووەوە، مارکس تاك وا بە قوڵی لە لوتکە دادەنێت، نەزمی کۆمەڵایەتی نەفیدەکات، کە لە هەمان باردا لە پانتایی تیۆر لە ناخی تاکگەرایی چەکەرە دەکات، لە پراکتیکدا، پیاوان و ژنان بۆ یەکە بێناونیشانەکان دەگۆڕدرێن و کورتدەبنەوە.

کەواتە ئەگەر ئێمە بمانەوێت ئاکاری مارکس وەسف بکەین، باشتر لەمە نابێت کە ئەو ئاکارە بە ئاکاری «جوانیناسی» دابنێین، چونکە جوانیناسی، بە گوێرەی نەریت، ئەو شێوەیەیە لە کرداری مرۆیی کە پێویستی بە هیچ ئاڕاستەیەکی سودخوازانە نییە، بەڵکو ئامانجەکان،

بنەڕەتەکان و هۆکارە سەرەکییە تایبەتییەکانی خۆی فەراهەم دەکات. ئەم ئاکارە بریتییە لە جۆرێك بەکارهێنانی توانای خۆ واقیعەتبەخشی (Self-fulfilling) بۆ خاتری خودی ئەو ئاکارە، لە دیدی مارکس، سۆسیالیزم رێك جوڵەیەکی پراکتیکی بۆ فەراهەمکردنی ئەو رەوشەیە کە تێیدا شتێکی وەك ئەمە لەبەردەستی زۆرترین ژمارەی تاکەکاندا بێت. لەهەر شوێنێك هونەر هەبێت، مرۆڤایەتیش لەوێدا هەیە. لەم شوێنەوەیە کە مارکس خوازیارانی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە تێیدا کار تا کەمترین ئاست بە شێوەی خۆکار (Automatic) دەرکەوتبێت، بە چەشنێك کە پیاوان و ژنان (هەم سەرمایەداران و هەم کرێکاران) ئیدی بۆ ئامرازە رووتەکانی بەرهەمهێنان کورت نابنەوە، لە باتی ئەو کورتبوونەوەیە ئـازاد دەبـن تاکو کەسایەتییەکانیان بە شێوەگەلی رووت و تەواوتر دابڕێژن. لە دیدی مارکس، سۆسیالیزم لە بنەڕەتدا بەستراوەتەوە بە کورتکردنەوەی ماوەی رۆژی کارکردن تاکو ئەم توانایە فەراهەم بکات کە ئەم شکۆفە گشتییە لەبەردەستدا بێت:

**ئازادی لە زەمینەی کاردا تەنیا پشت ئەستوربێت بە مرۆڤی بەکۆمەڵایەتیکراو و بەرهەمهێنەرانی یەکگرتوو کە دان و سەندنی خۆی لەگەڵ سروشت بە شێوەی ئەقڵانی رێکدەخا، ئەم مەبەستە بە کەمترین هەوڵ و کۆشش، لە ژێر هەلومەرجێك ئەنجامدەدرێن کە زۆرترین تەبایی و شایستەیی لەگەڵ زاتی مرۆییدا هەبێت، بەڵام**

**وێڕای ئەمەش، کار هاوشێوەی بەستێنێك لە زەرورەت دەمێنێتەوە. لەودیو کارەوە ئەو گەشەسەندنە بە هێزەی ئادەمیزاد دەست پێدەکات کە ئامانج لە خۆیدا، سنوری راستەقینەی ئازادییە، وێڕای ئەوەش، تەنیا دەتوانێت بە کۆمەکی ئەم سنورەی زەرورەت وەك پێکهاتەیەك خۆی پەخش بکاتەوە. کورتکردنەوەی ماوەی ڕۆژی کار پێشمەرجی سەرەکییەتی .(Cvol 3 85)**

شێوەیەکی دیکەی خستنەڕووی ئەم خاڵە ئەوەیە بانگەشە بکەین مارکس دەیەوێت «بەهای بەکارهێنان»ـی مرۆڤەکان لە کۆتی کۆیلەیی «بەهای گۆڕینەوە» رزگار بکات. لە دیدی مارکس، شتێك شایەنی هەستپێکردنە کە ئێمە دەبێت بە سەرنجدان لە چۆنایەتییە تایبەتییەکان سودی لێوەربگرین و رووبەڕووی ببینەوە، ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەو «بەهای بەکارهێنان» لە بەرچاو دەگرێت. وێڕای ئەوەش، لە هەلومەرجی سەرمایەدارییدا شتەکان بۆ کاڵاکان کورتدەبنەوە: شتەکان تەنیا بە هۆی بەهای سەوداکردنیان، بۆ کڕین و فرۆشتن، بوونیان هەیە، تاوەکو ئێرەش، هەردوو کاڵاکە، بە بەهایەکی یەکسان، بەرامبەر بە چۆنایەتیەکی ئەبستراکت کورت دەبنەوە، بەم چەشنە، هەموو یەکسانییەك لەسەر جیاوازی زاڵ دەبێت. تایبەتمەندییە هەستپێکراوە تایبەتەکانی کاڵاکان بە شێوەیەکی زیانهێنەر لەبەرچاو ناگیردرێن، بەڵام ئەم مانایەش بەم چەشنە لە بارەی ئەو

مرۆڤانەی کە لە دەسەڵاتداریّتی هەمان سیستمی کۆمەڵایەتی سڕدەکرێن هەر راستە. لە هەلومەرجی بازاڕدا، تاکەکان بە شێوەی بوونەوەری ئەبستراکت و شایەنی سەوداپێکردن لەگەڵ یەکتر رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، کرێکاران بە شێوەی کاڵا دەردەکـەون، هێزی کاری خۆیان بە پێشنیارکراوەکان دەفرۆشن کە بەرزترین بەها پێشنیاردەکات، سەرمایەداری ترسی ئەوەی نییە کرێکار چ شتێك بەرهەمدەهێنێت، بە مەرجێك ئەوەی بەرهەمیدەهێنێت سودی لەسەر هەبێت. ئەوەی لەمەڕ کایەی ئابوری راستە، هەروەها لەمەڕ کایەی سیاسیش هەر راست دەردەکەوێت: دەوڵەتی بۆرژوازییەت ئەو کاتەی کە بۆ نموونە کابینەی دەنگدان لە ئارادابێت، هاوڵاتییەکانی ئەو دەوڵەتە بە شێوەیەکی ئەبستراکت یەکسان دەکات، بەڵام کارەکە بە شێوەیەك ئەنجامدەدات کە نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکانیان دەشارێتەوە. ئامانجی دیموکراسییەتی سۆسیالیستی ئەمەیە کە ئەم کەلێنە لە نێوان فۆرمی سیاسی و ناواخنی کۆمەڵایەتی لەنێوبەرێت، بە چەشنێك کە ئامادەییمان لە دەوڵەتی سیاسی، وەك هاوڵاتیانی بەشداریکەر، بەمانای ئامادەیمان وەك تاکەکەسە واقیعیەکان بێت:

**تەنیا ئەو کاتەی کە تاکی مرۆڤ، مرۆڤی واقیعی، هاوڵاتی ئەبستراکت دووبارە بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە، وەك تاکی مرۆڤ لە ژیانی رۆژانەی خۆی، کاری تاکەکەسی**

**و پەیوەندییە تاکەکەسییەکانی بە شێوەی بوونەوەرێکی جۆریی دەربخات، تەنیا ئەو کاتەی مرۆڤ هێزە تایبەتەکانی خۆی (Forces Prpres) هاوشێوەی هێزی کۆمەڵایەتی دووبارە بناسێت و رێکیبخات، بە شێوەیەك کە هێزی کۆمەڵایەتی ئیدی بە شێوەی هێزی سیاسی لەو جیانەبێتەوە، تەنیا ئەو کاتەیە کە رزگاربوونی مرۆڤەکان کامڵ دەبێت. (EW234)**

بەو چەشنەی مارکس دەیەوێت سەودای کاڵاکان لە کایەی ئابوری لە نێوبەرێت، بە جۆرێك بەرهەمهێنان لەباتی بەرهەمهێنان بۆ سود بە شێوەی بەرهەمهێنان بۆ بەکارهێنان دەردەکەوێت. بەمجۆرەش، دەیەوێت پارێزگاری لە بەکاڵابوونی کەسایەتیی مرۆڤ بکات، توانا زۆر و زەبەندەکانی گەشەسەندنی هەستی تاکەکەسیی لە کۆت و بەندی ئەو لۆژیکە ئەبستراکت و سودباوەڕانە رزگار بکات کە هەمیشە گرفتاریەتی. لە دەسەڵاتدارێتیی سەرمایەداری، هەستەکانمان دەگۆڕدرێن بۆ کاڵاکان، بە چەشنێك کە تەنیا بە لەنێوبردنی خاوەندارێتی تایبەتییە، کە لاشەی مرۆڤ رزگاری دەبێت، هەستەکانی مرۆڤ دووبارە دەناسرێن:

**لەم رووەوە، تێپەڕاندنی خاوەندارێتیی تایبەتی بە مانای رزگاربوونی تەواوی هەموو هەست و ئەدگارە مرۆییەکانە، بەڵام ئەم رزگاربوونە رێك لەو رووەوە کە ئەم هەست و ئەدگارانە هەم لە رووی سوبێکتیڤ و**

**هەم لە رووی ئۆبێکتیڤەوە مرۆیی دەبن. چاو بە شێوەی چاوی مرۆیی دەردەکەوێت، بەو چەشنەی کە سوبێکت، یاخود ئۆبێکتەکەی بە شێوەی ئۆبێکتێکی کۆمەڵایەتی و مرۆیی دەردەکەوێت، واتە ئۆبێکتێك کە بە دەستی مرۆڤ بۆ مرۆڤ دروستکراوە. بەم جۆرە، هەستەکان لە پراکسیسی خۆیان تیۆرەسازی دەکرێن. ئەم هەستانە بە هۆی خودی شت بۆ شت پەیوەندی دەبەستن، بەڵام خـودی شت هاوشێوەی پەیوەندییەکی ئۆبێکتیڤی مرۆییە لەگەڵ خۆی و مرۆڤدا، بە پێچەوانەوەش، لەم رووەوە، پێویستی یان چێژ گەوهەری خۆپەرستانەی خۆیان لە دەست دەدەن، سروشتیش بە کەڵك وەرگتنێك بە شێوەی سودوەرگرتنی مرۆیی دەردەکـەوێـت کە سودباوەڕیی پەتی خۆی لەدەستدەدات(EW352).**

ئەنترۆپۆلۆژیای سیاسیی مارکس لە تێگەیشتنێکی زۆر بەربڵاوتر لە کار، واتە بە دەستەواژەیەك، لە تێگەیشتنی لاشەی مرۆڤ وەك سەرچاوەی ژیانی کۆمەڵایەتی شێوە دەگرێت.

بەو چەشنەی کە ژیان هێدی هێدی ئاڵۆزتر دەبێت، کار بە ناچاری پسپۆرتر و تایبەتمەندتر دەبێت، شێوە جۆراوجۆرەکانیشی لەنێوان بەرهەمهێنەرانی جۆراوجۆر، هەمەچەشنە دابەش دەکرێت، ئەمەش مارکس بە دابەشکردنی کاری دەداتە قەڵەم. دابەشکردنی کار رێگەیەکی پێویستە بۆ

پێگەیشتویی و دابەزینی هێزەکانی بەرهەمهێنان، بەڵام لای مارکس، دابەشکردنی کار لە خۆگری جۆرێك نامۆبوونە، کە تێیدا هێزەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی یەکلایەنەی رووخێنەر دێتە کایەوە، ئەمەش پێچەوانەی نموونەی خۆیەتی لەبارەی تاکی «هەموو هونەرە هاوپیشەکان» کە جەماوەرێکی لێبوردە و دڵپاك لە تواناکانیاندا بەکاریدەهێنن. بەم چەشنە، دابەشکردنی کار نموونەیەکی دیکە لە جودایی نێوان فاکتی تاکەکەسی و فاکتی هەمووەکی لە کۆمەڵگەی چینایەتی، واتە لەو هەلومەرجەی کە توانا پەتی و تەواوەکانی بوونی جۆریمان بۆ تاکە ئەرکێك لە جۆری کاری میکانیکی کرێکاری کارگە، کورتدەبێتەوە:

**دابەشکردنی کار یەکەمین نموونە لەم بارەیەوە بەدەستەوە دەدات، کە بەم چەشنە لەبەرئەوەی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی سروشتی دەمێنێتەوە، واتە مادامەکێ کەلێنێك لە نێوان بەرژەوەندی تایبەت و گشتی لەئارادایە، لەبەرئەوەیە چالاکی خۆبەخشانە نییە، بەڵکو بە هەڵکەوت دابەشکراوە، کاری خودی مرۆڤ بەشێوەی هێزی بێگانە لەبەرامبەریدا رادەوەستێت، لە باتی ئەوەی لەژێر چاودێری و دەسەڵاتی ئەودا بێت، ئەو دەکاتە کۆیلە، چونکە هەر ئەوەیە دابەشکردنی کار پێ بەرەو کایەی بوون و خۆنمایشکردن هەڵدەهێنێت، هەر مرۆڤێك هەڵگری بەستێنێکی تایبەت و کەسییە**

**لەو چالاکیەدا کە بەسەریەوە سەپێنراوە و ئەو ناتوانێت لێی هەڵبێت. ئەو راوچــی، ماسیگر، شــوان، یاخود رەخنەگرێکی دۆزەرەوەییە، دەبێت بە هەمان چەشن بمێنێتەوە ئەگەر نەیەوێت ئامرازەکانی گوزەراندنی ژیانی خـۆی لە دەسـت بـدات. هەنوکە ئـەوەی لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستییدا، کە تێیدا هیچ کەسێك هەڵگری بەستێنێکی کەسییانەی چالاکی نییە، بەڵکو هەموو کەسێك دەتوانێت لە بوارێك کە دەیەوێت تێیدا لێهاتو بێت، کۆمەڵگە بەرهەمهێنانی گشتیی رێکدەخات، بەم چەشنە ئەم توانایە بۆ من فەراهەم دەکات کە ئەمرۆ کارێك ئەنجام بدەم، سبەینێ کارێکی دیکە. بە بەردەوامی راو بکەم، دوای نیوەڕۆ دەچم بۆ راوەماسی و عەسریش شوانکاری بکەم، لەدوای نانخواردنیش بە رەخنەکارییەوە سەرقاڵبم، بەو چەشنە لەبەر چاومانە، بێئەوەی هەرگیز، ماسیگر، شوانی، یاخود رەخنەگر بم. (Gi54)**

ئەم پارچە گوتارە، چ جوان یان ناشرین و دڕندانە، یەکێکە لە ژمارەیەك بیرکردنەوەی یۆتۆپیایی مارکس.

بە ناچاری، پرسگەلێکی هەمەچەشن لەمەڕ ئاکاری سیاسیی مارکس بوونی هەیە، بەو چەشنەی کە لەبارەی جۆرەکانی دیکەی ئاکاریش هەمان پرس و کێشە هەیە. ئایا ئەم تێگەیشتنە لە بکەرە مرۆییە ئازاد و خۆدروستکەرەکان

(Self-fashioning) تاڕادەیەك حەكایەتێكی بەرز و باڵا لە نموونەی بۆرژوازییەت و باوكسالاریی مرۆڤ وەك خودێكی بەرهەمهێنەر هەوڵوتەقەلای زۆری ناوێت؟ ئایا نموونەی ماركس جۆرێك پرۆمیتەی پرۆلیتاریایی (proletarian promethean) نییە؟ تا كوێ ئەم نموونەیە حیكایەتێكی چەپخوازانە لە نموونەی چینی ناوەڕاست لەبارەی بەدیهاتنی ناسنوردار و دیاری نەكراوی سامانە، كە لەگەڵ خود وەك داراییەكی خۆی رەفتار دەكات؟ دەتوانرێت جۆش و خرۆش و هەوڵوتەقەلاكە بە پلەیەكی بێ بەزەییانەتر لەم فكرەیە بدۆزرێتەوە كە ئەوەی ۆردزۆرس[2] بە «هەڵچوونی ئەقڵباوەڕانە»ـی دادەنا، یان كیتس[3] پێیدەوت «توانای نێگەتیڤ»، بە بێ بایەخ دەژمێردرێت. ئایا وا بڕیارە هەموو هێز و ئەو تواناییانەمان بە دیبهێنین؟ پێویستە چی بڵێین سەبارەت بە هێزەكان، ئەو تواناییانەی كە بە دیدێكی نەخۆشئاسا یان وێرانكەر دەردەكەوێت؟ لەوانەیە ماركس گومانی هەبوو بێت كە هێزەكانمان تەنیا بە هۆی سنورداربوونەوە دەبنە وێرانكەر، كە لەم بوارەدا، هەڵبەتە هەڵەئامێزە و، پێویستە بە چ چەشنێك لەنێوان توانا پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەكانمان جیاوازی بكەین، ئاخۆ جگە لە خودی ئەم پرۆسەیە كە لە رووی مێژووییەوە دەبێ بە هۆی ئەوەوە، ئەم كارە ئەنجام بدەین، هیچ پێوەرێكمان نییە؟ گەشەسەندنی «هەمەلایەنە»، دەشێت لە دیدی هەندێک كەس، باڵاتر لە

2-) Willian Wordsworth شاعیری ئینگلیزی.

3- John Kents شاعیری ئینگلیزی.

پەروەردەی ئامادەییەکی تاکە داهێنەرێك بێت، بەو چەشنەی کە دەشێت لە دیدی ژمارەیەك کەس خۆنکۆڵیکردن (-Self denial) ستایشکراوتر لە خۆدەرخستن (Self-expression) بێت.

دەتوانرێت ژمارەیەك لەم خاڵانە بە رەخنەیی بژمێردرێت. مارکس کە مادەباوەڕێکی تەواوە، بە ئاشکرا ئەم بۆچوونەی نییە کە خۆ -پەروەردەکردن دەتوانێت ناسنورداربێت، ئەویش هەم بەرامبەر بە بەربەستەکانی هەلومەرجمان و، هەم تواناکانمان چالاکن:

**مرۆڤ بە تەواوی بونەوەرێکی سروشتییە. مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی سروشتی و وەك بوونەوەرێکی سروشتیی زیندو لەلایەك بەهێزە سروشتی و ژیانییەکان ئامادەکراوە، واتە بوونەوەرێکی سروشتی چالاکە ... لەلایەکی دیکە، مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی سروشتی، جەستەیی، هەستی و ئۆبێکتیڤ وەك گیانەوەر و ئاژەڵەکانی دیکە بوونەوەرێکی نەخۆشداری مەرجدار و سنورداره. مەبەستەکە ئەوەیە کە ئۆبێکتەکان دوورخستنەوەکانی ئەو وەك ئۆبێکتی سەربەخۆکان لە دەرەوەی ئەو بوونیان هەیە، بەڵام ئەم ئۆبێکتانە، ئەو ئۆبێکتانەن کە ئەو پێویستی پێیان هەیە، واتە ئەو ئۆبێکتە سەرەکییانەن کە بۆ بەکارهێنان و پاڵپشتیکردنی هێزە سەرەکییەکەیان پێویستن(EW389).**

دەشێت مارکس لە رادەبەدەر بایەخی بە بەرهەمهێنان دابـێـت، بـەڵام بێگومان ئـەم دەسـتـەواژەیـەی بـە مانا ئابورییەکەی سنوردار نەکردووە. بە پێچەوانەوە، وا بیری دەکردەوە کە لە هەژاری مەعنەویی سەرمایەدارییدا لەگەڵ چەمکی بەرهەمهێنان رێك بەم چەشنە رەفتار دەکات. لە دیدی مارکس، «بەرهەمهێنان» چەمکێکی دژواری بەربڵاوە، بە هاوشێوەی «خۆبەرجەستەکردن» (Self-actualization) دێتە ئەژماردن، بەم چەشنە:

> **ئەو کاتەی سامان لە بۆتەی سنورە بۆرژوازییەکەی داماڵدرێت، ئایا سامان دەبێتە شتێکی جگە لە گشتێتی پێداویستییەکان، شیاوێتیەکان، چێژەکان، هێزەکانی بەرهەمهێنانی تاکەکەسیی و ...هتد کە لەرێگەی گۆڕینەوەی هەمووەکی دێتە کایەوە؟ مەگەر لەم دۆخەدا، سامان شتێکی جگە لەزاڵبوون بەسەر تەواوی گەشەسەندنی مرۆڤ لەسەر هێزە سروشتییەکان، جا چ لە سروشت بە مانای تایبەت و سروشتی مرۆییە؟ واتە بەکارهێنانی رەهای توانا ئافرێنەرەکانی مرۆڤ بێ هیچ پێشگریمانەیەکی دیکە، جگە لە زەمینەی وەرچەرخانەکانی پێشتر، واتە وەرچەرخانی هەموو هێزە مرۆییەکان وەك ئامانجێك لە خۆیدا: بێ ئەوەی بە پێودانگێکی دیاریکراو بپێورێت؟ نەك ئەمەی مرۆڤەکان تەنیا لەلایەنێکی تایبەت بە بەرهەمهێنانەوەی**

**خۆیانەوە سەرقاڵن، بەڵکو گشتێتیی خۆی دووبارە بەرهەمدەهێنێتەوە؟ نەك ئەمەی کە مرۆڤەکان هەوڵ ئەدەن لە چوارچێوەی ئەو شتەی کە بوونی هەبووە بمێنێتەوە، بەڵکو لە بزاوتی رەهای بووناندا (becoming) بێت؟»7»**

کەواتە، بوونی جۆریمان بەرهەمهێنەرە، سەروکاری لەگەڵ کردنەوەی هێزەکانیدا هەیە لە راگوزەری گۆڕانی جیهاندا.

**داهێنانی پراکتیکی جیهانی ئۆبێکتیڤی، دروستکردنی جیهانی بێگیان، دەرخەری ئەوەیە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی جۆری هوشیارە، واتە بوونەوەرێك کە لەگەڵ جۆری خۆی وەك بوونی زاتی خۆی یان لەگەڵ خۆی وەك بونەوەرێکی جۆریی رووبەڕوودەبێتەوە. ئەوەش راستە کە گیانەوەرانیش بەرهەمدەهێنن، بەڵام گیانەوەران تەنیا پێداویستییە خێراکانی خۆیان، یان بێچوەکانیان بەرهەمدەهێنن، بەرهەمهێنانی گیانەوەران یەکلایەنەیە، هەنوکە مرۆڤ هەمەلایەنە بەرهەم دەهێنێت، گیانەوەران تەنیا ئەو کاتە دەستدەکەن بە بەرهەمهێنان، کە پێداویستی و ویستی خێرای جەستەیی بەم کارە وایان لێبکات، هەنوکە مرۆڤ، تەنانەت ئەو کاتەی کە لە کۆت و بەندی جەستەییش ئازادە، بەرهەمی دەهێنێت، تەنیا لە ئازادیدا لە ویستێکی وەهادا بەرهەمدەهێنن. (EW329)**

ئێمەش وەك هونەرمەندان ئەو كاتە ئازادین كە بێهیچ پاڵنەرێك زەرورەتی فیزیكی بەرهەمبهێنین، هەر ئەم زاتەیە كە لە دیدی ماركس بە گەوهەری هەموو تاكەكان دێتە ئەژماردن. من بە پەروەردەكردنی كەسایەتی تاكەكەسییم لە راگوزەری دروستكردنی جیهان، هەروەها بە شێوە و ناوەڕۆك بەخشین بەو شتە سەرقاڵ دەبم كە بە قوڵترین شێوە لەگەڵ ئەوانی دیكە هاوبەشن، بە شێوەیەك كە تاك و بوونی جۆری لەسەر ئەنجامی كاركردندا دەبنە یەك شت. دەستكەوتی من بریتییە لە بوونی من بۆ ئەوانی تر، بوونی ئەویتر بۆ من بە پێشگریمانە وەردەگیردرێت. ئەمەش لە دیدی ماركس، حەقیقەتێكی ئۆنتۆلۆژییە لە جۆری ئەو بونەوەرانەی كە لە ئێمەن بە ئەنجامگیری دەكرێت، بەڵام دەشێت فۆرمگەلێكی دیاریكراو لە ژیانی كۆمەڵایەتی لە نێوان ئەم دوو ڕەهەندەی خود، واتە تاك و كۆ، كەلێنێك درووست بكەن، ئەمەش لەڕاستیدا هەمان ئەو شتەیە كە ماركسی گەنج لە نامۆبوونی دەویست. بە گوزارشتێكی تر، كەلێنێكی وەها بەردەوام بوونی هەیە، چونكە لە گەوهەری مرۆڤدایە كە دەتوانێت ئۆبێكتیڤ بە زاتی خۆی ببەخشێت، لێیدووربكەوێتەوە، ئەمەش سەرچاوەی ئازادی ئێمەیە، بەڵام لە كۆمەڵگەی چینایەتیدا، ئەو كاڵایانەی كە زۆربەی ژنان و پیاوان بەرهەمیدەهێنن، كەمینەیەك دەكاتە خاوەنی كە ئامرازەكانی بەرهەمهێنانی لەدەستدایە، لێرەوەیە ئەم خاڵە سەروەدەردێنێت كە پیاوان و

ژنان ئیدی ناتوانن خۆیان لە جیهانێکدا دووبارە بناسێننەوە کە خۆیان ئافراندویانە. خۆبەرجەستەکردنیان ئیدی ئامانجێکی لەخۆیدا نییە، بەڵکو بۆ خۆپەروەردەکردنی ئەوانی دیکە، لایەنێکی ئامرازیی بە خۆیەوە دەگرێت:

**ئـەم واقیعە بـەو مانایەیە کە ئـەو شتەی کار بەرهەمیدەهێنێت، واتە دەستکەوتی کار، لە بەرامبەر کـار وەك شتێکی نامۆ، هاوشێوەی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ لە بەرهەمهێنەر زەق دەبێتەوە. دەستکەوتی کار بریتییە لەو کارەی کە لە شتێکی بەرجەستەکراو، بە شێوەی شتی مادی دەرکـەوتـووە، ئەمە بە مانای دۆزینەوەی ئۆبێکتیڤی کارە ... لە قەڵەمڕەوی ئابوریی سیاسیدا، ئەم واقیعەی کار لە دیدی کرێکاران بە شێوەی دەرنەکەوتوی واقیعیەت، دۆزینەوەی ئۆبێکتیڤ بە شێوەی نادیاری شت و بەندەیی لە بەرامبەری، خاوەنی (دەستکەوت) بە شێوەی نامۆبوون (لەگەڵ دەستکەوتی کار) دەردەکـەوێـت... کاری نامۆبوو نەك تەنیا (1) سروشت لە مرۆڤ بێگانە دەکات، (2) مرۆڤ لە خۆشی، لە ئەرکە چالاکەکەشی بگرە لە چالاکی ژیانیشی نامۆی دەکات، بەڵکو هەروەها بەم شێوەیە، مرۆڤ لە جۆری خۆیشی نامۆ دەکات. کاری نامۆبوو ژیان بە ئامرازێك بۆ ژیان دەگۆڕێت. (EW324,328)**

بە دیدی مارکس، کرێکار تەنیا ئەو کاتە هەست بە

هێمنی و ئارامی دەکات کە کار ناکات، ئەو کاتەی کە کار دەکات هەست بە هێمنی و ئارامی ناکات. بەم چەشنە، نامۆبوون پرۆسەیەکی چەند لایەنەیە: کرێکار لە سروشت، لە دەستکەوتی کارەکەی، لە خودی پرۆسەی کار و لە لاشەکەشی جیادەکاتەوە، هەروەها لەو چالاکییە ژیانییە بەکۆمەڵەشی جیادەکاتەوە کە بە شێوەی بونەوەرێکی مرۆیی دەری دەخات. مارکس دەنووسێت: «بە شێوەیەکی گشتی مەبەست لەم گوزارەیەی کە مرۆڤ لە بوونی جۆری خۆی نامۆ دەبێت ئەوەیە کە هەموو مرۆڤێك لەوانیتر نامۆ دەبێت، هەموویان لە زاتی مرۆیی نامۆ دەبن» (EW330)

بەرهەمهێنەران بەرگەی «لە دەستدانی واقیع» (Loss of reality) دەگرن لەگەڵ کاری خۆیان بە شێوەیەکی تەنزئامێز هەمان ئەو رژێمە ئاڕاستە دەکەن، کە ئەم هەلومەرجەی هێناوەتە کایەوە:

> **... هەرچی کرێکار لە کاردا لە خۆی زیاتر سود وەربگرێت جیهانی نامۆ و ئۆبێکت دەیئافرێنێت، لە دژی خۆی بە هێزتر دەبێت، ژیانی خۆی و جیهانی ناوەکیشی بە تاڵتر دەبێت، شتەکان و کاڵاکان کەمتر لەوەی ئەو دەبن، ئەمە لەمەڕ ئاینیش هەر راستە. هەرچی مرۆڤ زیاتر خۆی بۆ خوا تەرخان بکات، کەمتر سەرقاڵ دەبێت بە خۆی. کرێکار ژیانی خۆی تەرخاندەکات بە شت و کاڵاکانەوە، بەڵام هەنوکە ئەم ژیانە ئیدی نەك بۆ ئەو،**

**بەڵکو بە شتەوە بەستراوەتەوە. لەم روەوە، هەرچی چالاکی کرێکار بەربڵاوتر بکرێت، دەبێتە خاوەنی شتگەلێکی کەمتر. دەستکەوتەکانی کاری ئەو هەرچی بێت، ئەو ئیدی خۆی نییە. لەم رووەوە، هەر چەندە ئەم دەستکەوتانە زیاتر بێت، ئەو کەمتر خۆیەتی. نامۆبوونی کرێکار بە مانای ئەوەیە کە نەك تەنیا کاری کرێکار بە شێوەی شتێك، بوونی دەرەکی دەردەکەوێت، بەڵکو ئەم کارە لە دەرەوەی ئەو، سەربەخۆ لەو و، نامۆ بە ئەو بوونی هەیە، هێدی هێدی بە شێوەی هێزێکی خۆجوڵێنەر لەگەڵیدا رووبەڕوو دەبێتەوە، ئەو ژیانەی کە کرێکار بە شتەکانی دەدات، بە شێوەی دوژمن و نامۆ لەبەرامبەر ئەو رادەوستێت. (EW324)**

دەستکەوتەکانی کرێکار لە چوارچێوەی هەڵبژاردنی ئەو دەچێتە دەرەوە و سەربەخۆییەکی تایبەتی خۆی بەدەست دەهێنێت، دەسەڵاتێکی جادوئامێز لەسەری بەکاردەهێنێت کە مارکس دواتر ئەوەی بە «بەبتبوونی کاڵاکان» ناودێر کرد. لە دیدی مارکس، کاڵا بریتییە لەو دەستکەوتەی کە دەتوانێت بە شێوەی یەکسان لەگەڵ کاڵای دیکە سەودا بکرێت، چونکە بە هەمان رێژە شێوە و ناوەرۆك بە کار دەبەخشێت. بەو چەشنەی کە لە کتێبی سەرمایەدا روونیدەکاتەوە:

**لێگەڕێن با دوو کاڵا وەك ئاسن و دانەوێڵەکان لەبەرچاو بگرین. پەیوەندیگەلێك کە لەناو ئەم**

دوو کاڵایەدا پێکەوە شایەنی سـەودا پێکردنن، ئەم پەیوەندییانە هەرچی بێت، هەمیشە دەتوانرێت بە هاوکێشەیەك نیشان بدرێت کە تێیدا رێژەیەکی دیاریکراو لە دانەوێڵە یەکسانە بە رێژەیەکی ئاسن ... ئەم هاوکێشەیە چیمان پێدەڵێت؟ ئەم هاوکێشەیە پێماندەڵێت کە لە دوو شتی جیاواز (لە چارەکێک دانەوێڵە و رێژەی ئاسن) رێژەگەلێکی یەکسان لە شتی سێیەم هاوسەنگ بن کە بۆ خودی خۆی نە ئەمەیە و نە ئەویان. هەر یەك لەو دووانە، لە رووی بەهای سەوداکردن دەبێت شایەنی کورتکردنەوە بن بۆ سێیەم ... ئەم «شتە» هاوبەشە نە دەتوانێت ئەدگاری ئەندازەیی، کیمیایی، نە هەر ئەدگارێکی سروشتی کاڵاکانی دیکەی هەبێت. ئەدگارگەلێکی وەها، تەنیا تا ئەو شوێنە ئەژمار دەکرێن کە کاریگەری لەسەر سودمەندی ئەم کاڵایانە بە جێدەهێڵن، ئەوانە بۆ بەهاکانی بەکارهێنان دەگۆڕێن، بەڵام سەوداکردنی کاڵاکان بە ئاشکرا ئەو جوڵەیەیە کە خۆی بە ئەبستراکتێکی رووت لە بەهای بەکارهێنان نیشاندەدات ... کاڵاکان، وەك بەهاکانی بەکارهێنان، بە تایبەت هەڵگری چۆنایەتییە جیاوازەکانن، بەڵام وەك بەهاکانی سەوداپێکردن تەنیا هەڵگری چۆنایەتیگەلێکی جیـاوازن، لە ئاکامدا هەڵگری تۆسقاڵێك بەهای بەکارهێنان نین: بەم چەشنە، ئەگەر ئێمە بەهای

**بەکارهێنانی کاڵاکان لەبەرچاو نەگرین، لەو شێوەیەدا، تەنیا ئەدگارێك بەجێ دەمێنێت، ئەو ئەدگارەش ئەمەیە کە ئەم کاڵایانە دەستکەوتگەلێکی کارا و چالاکن. (C (vol1.37**

**بەم چەشنە، لای مارکس کاڵاکان شتگەلێکی دوولایەنەن کە ژیانێکی دوولایەنەیان هەیە، چونکە بە ڕاستی ئەوەی بۆ کاڵاکانیان دەگۆڕێت بە شێوەیەکی سەیر بەدەرە لە ئەدگارە مادیەکانیان.** کاڵاکان بوونیان هەیە، تەنیا بۆ ئەوەی کە سەودا بکرێن و کاڵایەك، بە هەبوونی هەموو دەرکەوتە هەستییەکان، رێك هاوسەنگە بە هەر کاڵایەکی دیکە کە هەمان رێژەی هێزی کار شێوە و ناوەرۆکی پێدەبەخشێت، بەڵام بەمشێوەیە کاڵا دیاردەیەکی تەواو ئەبستراکتە کە بە شێوەگەلێك لەگەڵ کاڵاکانی دیکە پەیوەندی درووستدەکات کە راستەوخۆ و یەکسەر سەربەخۆ لە ژیانی دیار و بەرچاوی بەرهەمهێنەرانیەتی:

**لەم روەوە، کاڵا شتێکی ئاڵۆز و هێماییە، بە تایبەت لەو رووەی کە لە کاڵادا ئەدگارێکی کۆمەڵایەتی کاری مرۆڤەکان لای ئەوان وەك ئەدگارێکی ئۆبێکتیڤ دەردەکەوێت کە لەسەر دەستکەوتەکانی کار زاڵ و باڵادەست بووە، لەو رووەوەی کە پەیوەندی بەرهەمهێنەران بە کۆی کارەکەیان، لە دیدی ئەوان، وەك**

**پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت، پەیوەندییەك نەك لە نێوانیان، بەڵکو لەنێوان دەستکەوتەکانی کارەکانیان بوونی هەیە... بوونی شتەکان وەك کاڵاکان، پەیوەندی بەهای نێوان دەستکەوتەکانی کار کە رۆڵی کاڵایان لەسەر دەگێڕن، پەیوەندی لەگەڵ ئەدگارە نامادییەکانیان و پەیوەندییە مادییەکان کە لێیەوە سەر دەردەکات نییە... پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو لەنێوان مرۆڤەکاندایە، کە لە دیدی ئەوان، شێوەیەکی وەهـماوی و خەیاڵیی پەیوەندیی نێوان شتەکان بە خۆیەوە دەگرێت. بۆ ئـەوەی پێوەرێك بەدەستەوە بدەین، دەبێت بە سنورە تەمومژاوییەکانی جیهانی ئایینی پەیوەست بین. لەو جیهانە دەستکەوتەکانی ئادەمیزاد بە شێوەی بوونگەلێکی سەربەخۆ دەردەکەون کە لەژیاندا سودمەندن، پەیوەندیگەلێك لەگەڵ یەکتر، لەگەڵ جۆری مرۆڤ بەرقەرار دەکەن، دۆخی دەستکەوتەکانی دەستی مرۆڤ لە جیهانی کاڵاکان بەم چەشنەیە. من ئەم دۆخە بە «بتبوون» دادەنێم کە خۆی بە دەستکەوتەکانی کار گـرێـدەدات، بەو چەشنەی کە وەك کاڵاکان بەرهەم بهێنرێت، بەم جۆرە لە بەرهەمهێنانی کاڵاکان جیاناکرێتەوە .(C vol1.72)**

پوختەی قسە، سەرمایەداری جیهانییە کە تێیدا سوبێکت و ئۆبێکت ئاوەژوو دەبنەوە -ئەو قەڵەمڕەوییەیە کە تێیدا

مرۆڤ شوێنکەوتووی بەرهەمهێنراوەکانی خۆیەتی، هەر ئەم بەرهەمهێنراوانە چارەنووسی ئەو دیاریدەکات، بە شێوەیەکی ئاڵۆز و توندئامێز دەگەڕێنەوە تاکو کاریگەری لەسەر بوونی مرۆڤ بە جێبهێڵێت، سوبێکتی مرۆیی ئۆبێکتێك دەهێنێتە کایەوە کە لەوە بەدوا، بە شێوەی سوبێکتێك دەردەکەوێت کە دەتوانێت ئافرێنەری خۆی تا سنوری ئامێری دەستی کورتبکاتەوە. ئەو کاتەی کە سەرمایەی کار بەکاردەهێنرێت نەك بە پێچەوانەوە، فاکتی مردوویی دەسەڵاتی خوێنمژ لەسەر هەمان فاکت زیندودەبێتەوە، چونکە خودی سەرمایەی «مردو» یاخود کار کەڵەکەکراوە:

**هەر چەند کەمتر بخۆی، کەمتر بنۆشی، کەمتر کتێب بکڕی، کەمتر بۆ شانۆ بڕۆی، کەمتر بۆ سەما بڕۆی، کەمتر بیربکەیتەوە، کەمتر تیۆر دابنێی، کەمتر گۆرانی بڵێی، کەمتر شێوەکاری بکەی، کەمتر شمشێربازی بکەی، و ... هتد زیاتر دەتوانی پاشەکەوت بکەی، ئەو گەنجینەیەی کە نە ژەنگ لێیدەدات، نە کرم دەیخوات (واتە سەرمایەکەت) زیاتر دەبێت... هەرچی کەمتر بی و کەمتر لە ژیانت سودوەربگری، هەرچی زیاترت هەبێت، ژیانی لەخۆنامۆبوونت زیاتر دەبێت، پاشەکەوتکراوی ژیانی لە خۆنامۆبوونت زیاتر دەبێت... هەر کارێك تۆ نەتوانی ئەنجامی بدەی، پارەی تۆ دەتوانێت بۆت ئەنجام بدات ... (EW 361)**

ئەم پرۆسەی بەشتبوونە کە تێیدا گیاندار و بێگیانەکان ئاوەژوودەکەنەوە، مردو لەسەر زیندو زاڵ و باڵادەست دەکەن، بەتایبەت لە «کاڵا یونیڤێرسالییەکان»، واتە پارە، ئاشکرایە:

**هەرچەند دەسەڵاتی پارەی من بە هێزتر بێت، من بە هێزترم. ئەدگارەکانی پارە، ئەدگارەکانی من و هێزەکانی منە، واتە من خاوەنی شت و دەسەڵاتدارم. بەم چەشنە، ئەوەی منم، ئەوەی من دەتوانم ئەنجامی بدەم، بە هیچ شێوەیەك تاکایەتی من دیاری ناکات. ناشرینم، بەڵام دەتوانم جوانترین ژن بەدەستبهێنم، ئەمە بەم مانایەیە کە من ناشرین نیم، چونکە کاریگەری ناشرینی و دەسەڵاتە بێزارکەرەکەی، پارەی من لەنێوی دەبات. وەك تاکێك، من مرۆڤێکی چوارپێ و بێبەهام، بەڵام پارە بیست و چوار پێم بۆ دەست و پێ دەکات. بەم چەشنە، من کەر و بێبەها نیم. من مرۆڤێکی رەزیل، بێشەرەف، فێڵباز و بێئەقڵ و گەمژەم، بەڵام پارە بەرێزە، بەمچەشنە، هەڵگرەکەشی بەرێزە. پارە سەرەتای هەموو باشییەکانە، لەم رووەوە، هەڵگرەکەشی باشە (EW377).**

مارکس لەسەر ئەو بۆچوونەیە کە پارە «سۆزانییەکی گەردونی، دەکاتە خرخاڵی گەردونیی پیاوان و خەڵکان»، پارە جۆرێك زمانی پەرێشان و شێواوە کە تێیدا هەموو چۆنایەتییە مرۆیی و سروشتییەکان بە یەکەوە ریزدەکات

و ئاوەژودەبنەوە، هەموو شتێك دەتوانێت بە شێوەیەكی جادویی بۆ شتێكی دیكە بگۆڕێت.

ئەوەی ماركس لە كۆمۆنیزم لەبەرچاوی دەگرێت ئەمەیە كە پیاوان و ژنـان جیهانی خۆیان، لاشە بەرهەستەكانی خۆیان، چالاكی ژیانی خۆیان هەبێت و بوونی هاوبەشیان بۆ بگەڕێنرێتەوە. كۆمۆنیزم رێك ئەو جۆرەی بونیادی سیاسییە كە وامان لێدەكات تاكو بوونی زەوتكراوی خۆمان، ئەو هێزانەی كە لە كۆمەڵگەی چینایەتی لێمان نامۆ بووە، سەرلەنوێ ببینە خاوەنی. ئەگەر ئامڕازی بەرهەمهێنان بە هاوبەشی هەمومان ببینە خاوەنی، بە شێوەیەكی دیموكراتیكی چاودێری لەسەر بكرێت، ئەوكات، ئەو جیهانەی كە پێكەوە دەیئافرێنین بە هاوبەشی بە هەمووومانەوە پەیوەست دەبێت، خۆبەرهەمهێنەری (Self-production) هەركەسێك بە شێوەی شتێك لە خۆ واقیعیەتبەخشی هەموەكی دەردەكەوێت.

# بەشی سێیەم

# مێــژوو

ئەگەر مارکس فەیلەسوفە، فەیلەسوف چ شتێکە؟ بێگومان فەیلەسوف شتێك نییە لە مەزن و شان و شکۆی «بوونی ئادەمیزاد»، هەروەها فەیلەسوف شتێکی سنورداری وەك ئابوریی سیاسی نییە. هزری ئەو، وەك جۆرێك تیۆری بێکۆتا و ناسنوردار لەبەرچاو ناگیردرێت کە بۆ نموونە هاوشێوەی ئایین بخوازێت لەبارەی هەموو تایبەتمەندییەکانی ژیانی مرۆڤەوە روونکردنەوە بدات. ئەوەش راستە کە هاوکارەکەی مارکس «فریدریك ئەنگڵس» تیۆرێکی زۆر بەرزەفڕانەی خستەڕوو کە بە ماتریالیزمی دیالێکتکی ناوبانگی پەیدا کـردووە،

دەکارێت هەموو شتێك چ لە فیزیك و بایەلۆژی و مێژوو، کۆمەڵگە بە یەك ئاوێزان بکات، بەڵام نووسینەکانی خودی مارکس دەرخەری کارێکە بە پلەیەکی بێ فیزتر و سنوردار کە ئامانجی خۆی دیاریکردنی ململانێیە کۆمەڵایەتییە گەورەکان، تێکشاندنی ئەم ململانێیانەیە، ئەو ململانێیانەی کە لە هەنوکەدا ئێمە لە ژیان لەو دۆخ و هەلومەرجەی کە لە دیدی ئەو، ژیانی تەواو مرۆیی دەردەخات، دەگەڕێنێتەوە، وێڕای هەموو بەپیتی و دەوڵەمەندییەی هێزە جەستەییەکان و مەعنەوییەکەمان. مارکس لەم بارەوە کە لەمە بەدوا، چ ڕوودەدات، قسەیەکی کەمی بۆ گوتن هەیە، چونکە لە دیدی ئەو، ئەم پرۆسەیە سەرەتای دەستپێکردنی مێژوویی مرۆڤ بە مانا واقیعیەکەی دەبێت، کە لەودیوی زمانی ئەمڕۆیی ئێمەدا شوێنی خۆی گرتووە. لە دیدی ئەو، ئەوەی تا هەنوکە ڕوویـداوە «پێش مێژوو»ـی پەتی بووە (واتە یەك بەدوا یەکەکانی فۆرمە هەمە چەشنەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی). هەر لێرەوەیە کە کاری خودی مارکس بەم قۆناغە پەیوەست و پەیوەندی هەیە، بە ناچاری پەیوەندی بە شێوەکانی هزر و مۆدێلەکانی ژیانی ئەم قۆناغەوە هەیە، بە گوێرەی لۆژیکی مێژووباوەڕی خۆی ناتوانێت هەوڵبدات لەم قۆناغە رابکات تاکو هاوشێوەی جۆری یۆتۆپیایی لەبەرچاو بگیردرێت. مارکس لەگەڵ یۆتۆپیاباوەڕییەکی وەها دوژمنایەتی دەکرد، ئەرکی خۆی نەك بە ئامادەکردنی پرۆژە گشتییە ئایدیالەکان

بۆ داهـاتـو، بەڵكو شیكردنەوە و ئەنالیزەی ململانێیە واقیعیەكانی هەنوكە دەزانێت. ئەو بەدوای هەلومەرجێكی كامڵدا نەبوو، ئەو دەستەواژەیەی كە لەدیدی ئـەودا، لە خۆگری قسەیەكی پێكدژئامێزە، بەڵام مەبەست لەم قسەیە ئەوە نییە كە بڵێین ماركس تەنیا تیۆرەسازی سیاسی كاتی ئێستایە. لە دیدی ماركس، ئەو ململانێیانەی رێگری دەكەن مێژووی راستەقینە بە هەموو دەوڵەمەندی، چێژ و هەمە چەشنییە تاكەكەسییەكەیدا بە قۆناغی جێبەجێكردن بگات، بەشێكە لە حەكایەتێكی زۆر ئاڵۆزتر و درێژتر. بەم چەشنە، ماركس ئابوریزانی سیاسی، یان سۆسیۆلۆجی (بەوجۆرەی كە بینیمان) لە بواری یەكەم فەیلەسوف نییە، بەڵكو تیۆرییەكمان لەبارەی خودی مێژوو بۆ دەخاتەڕوو، یاخود وردتر بڵێین، تیۆرەیەك لەبارەی دینامیكیزمی گۆڕانی گـەورەی مێژوو بەدەستەوە دەدات. ئەوە فەلسەفەیەكە، بە ماتریالیزمی مێژوویی ناوبانگی دەركردووە.

بـەم چـەشـنـە، مـاركـس لـە مـێـژووی سـەروبـەنـدی گەشەسەندندا چ چەشنە بیروبۆچونێك دەردەبـڕێـت؟ هەندێكات وا گومان دەكرێت كە لێرەدا ئەوەی لە روانگەی ئەو، لایەنێكی سەنتەری هەیە، چەمكی چینی كۆمەڵایەتییە، بەڵام ماركس ئەم هزرەی كەشف نەكرد، ئەم هزرە گرنگترین چەمكی ئەو نییە. راستتر ئەمەیە بانگەشە بكرێت كە هزری ململانێیی چینایەتی لە ناخی كارەكانی ئەو نزیكترە:

واتە ئەم هزرەی کە چینی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆر بەهۆی بەرژەوەندییە ماددییە پێکدژەکانی خۆیان لە دۆخی ململانێی دوو لایەنەدا جێگیر دەبن، بەو چەشنەی کە ئەو لە مانفێستی پارتی کۆمنیستدا دەنوسێت: «مێژووی هەموو کۆمەڵگەکان تا هەنوکە مێژووی ململانێی چینایەتییە.« (SW35)، بەڵام تەنانەت ئەم جەختکردنەوە بنجبڕانەیە ئێمە یەکسەر بۆ ناوکی هزری ئەو ڕێنمونی ناکات، چونکە هەمیشە دەتوانین بپرسین بۆچی چینی کۆمەڵایەتی دەبێت لە دۆخی جەنگێکی بەردەوامدا بەسەربەرن، لە دیدی مارکس، وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پەیوەندی بە مێژووی بەرهەمهێنانی مادییەوە هەیە.

لێرەدا چەمکی گشتگیری مارکس چەمکی «شێوەی بەرهەمهێنان»ـە، مەبەستی لەم چەمکە لەڕووی مێژوویەکی تایبەت لە هێزەکانی بەرهەمهێنانێکی تایبەتە لەگەڵ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانێکی دیاریکراو. مەبەستی لە «هێزەکان» ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی هەمەچەشنەی هاوشان بە هێزی کـاری مرۆڤە. دەزگـای رستن و چنین یاخود کۆمپیوتەری هێزی بەرهەمهێنانە، دەتوانێت بەها بەرهەمبهێنێت، بەڵام ئەم چەشنە هێزە مادیانە، تەنیا لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی تایبەت دادەهێنرێن، پەرە دەستێنن و بە کار دەهێنرێن، مەبەستی مارکس لـەم پەیوەندیانەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی تایبەت، پەیوەندییەکانی نێوان ئەو کەسانەیە کە

ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیان لەدەستدایە، هێزیان بەسەریەوە هەیە، ئەو نەدارانەی کە هێزی کاریان لە دەست ئەو کەسانە دادەنێن، لە خوێندنەوەیەکی مارکسدا، مێژوو، هێزەکان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بەرەو پێشەوە دەبەن کە لە ململانێدان لەگەڵ یەکتر:

**هێزەکانی بەرهەمهێنانی مادیی کۆمەڵگە بە قۆناغێکی دیاریکراو لە پێشکەوتنی خۆیان لە ململانێدایە لەگەڵ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی بوونی یاخود (ئەوەی تەنیا دەربڕینی مافی هەمان ئەو شتەیە) لە ململانێدایە لەگەڵ ئەو پەیوەندییانەی خاوەندارێتی کە تا هەنووکە لە چوارچێوەیەوە بەکاردەهێنرێت. ئەم پەیوەندییانە لە فۆرمە وەرچەرخاوەکانی هێزەکانی بەرهەمهێنان بە کۆت و زنجیرەکانی دەست و پێی ئەم هێزانە دەگۆڕدرێن. (پێشگوتاری رەخنەی ئابوری سیاسی، SW182)**

بەم میکانیزمانەیە کە شێوەیەکی بەرهەمهێنان شوێنی خۆی بە شێوەکانی دیکە دەدات. لە دیدی مارکس، یەکەمین شێوە لەم زنجیرە شێوازانە، شێوازی «خێڵەکییە».

**ئەم شێوەیە تەبا و هەماهەنگە لەگەڵ قۆناغی پەرەنەسەندوی بەرهەمهێنان کە تێیدا خەڵك لە رێگەی راو و ماسیگرتنەوە، یان لە بەرزترین قۆناغدا، لەڕێگەی کشتوکاڵەوە ژیان دەگوزەرێنن. لەمەڕ ئەوەی**

دوایی، ئەم شێوەیە پابەندە بە هەبوونی رێژەیەکی زۆر لە پارچە زەوییە نەکێڵدراوەکان. لەم قۆناغەدا، دابەشکردنی کار لە خێزاندا هێشتا زۆر سەرەتاییە و پێویستی بە فراوانبوونی زیاتری دابەشکردنی کاری سروشتی هەییە. لەم رووەوە، بونیادی کۆمەڵایەتیی سنوردارە بە فراوانبوونێك لە خێزاندا: سەرۆکی خێزانی باوکسالار، بەرزتر لە ئەندامانی خێڵ و سەرئەنجام کۆیلەکانە. (Gi44)

لەم قۆناغەدا پلە بە پلە شێوەی بەرهەمهێنانی «کۆن» سەرهەڵدەدات،

که بە تایبەت لە یەکێتیی خێڵە هەمەچەشنەکان لە شار بەکاریگەری رێککەوتن یان هێز و زەبر دەستپێدەکات، هێشتا هاوشانە بە کۆیلەداری. جگە لەو دارایيە بە کۆمەڵەی کە لە پێش ئەم گواستنەوەیە و دواتر، هەروەها ئەوە بە نەگوازراوە دەدۆزینەوە، خاوەندارێتی تایبەتیش لە باری پێشکەوتندایە، بەڵام وەك فۆرمێکی ئەنۆمی کە شوێنکەوتووی دارایی بەکۆمەڵە. هاوڵاتیان تەنیا لە کۆکردنەوی خۆیان دەسەڵات لەسەر کۆیلە زەحمەتکێشەکانی خۆیان بەکاردەهێنن، بەم چەشنە، تەنیا بەم هۆیە وابەستەن بە شێوەی دارایی بەکۆمەڵ... تەواوی بونیادی کۆمەڵگە لەسەر ئەم دارایيە بەکۆمەڵە جێگیرە، بەتایبەت ئەو کاتەی کە خاوەندارێتیی تایبەتی نەگوازراوە پەرەدەستێنێت، هاوشان بە خاوەندارێتیی

**بەکۆمەڵی دەسەڵاتی خەڵکیش بە هەمان ڕێژە، بەرەو داتەپین و ڕووخان هەنگاو هەڵدێنێت. (Gi44)**

لێرەوە سەرئەنجام شێوەی بەرهەمهێنانی فیوداڵی دێتە ئەنجام کە:

**(خاوەندارێتیی فیوداڵیش) وەك دارایی خێڵەکی و بەکۆمەڵ جارێکی دیکە لەسەر گشت جێگیرە، بەڵام چینی بەرهەمهێنەرانی ڕاستەوخۆش کە لە بەرامبەریدا ڕاوەستاوە، بە پێچەوانەی بواری جڤاتی کۆن، کۆیلەکان نین، بەڵکو هەژارانی بێ زەوی و دەستگێڕی ڕەعیەتن. هەر ئەمەشە کە فیوداڵیزم بە تـەواوی شانازی پێوە دەکـات، هـەروەهـا پێکدژی و ململانێیەك لەگەڵ شارەکان دەردەکەوێت. بونیادی هیرارکییەتی زەویداری، گروپەکانی چەکداری خزمەتکەرانی خانەزای پەیوەستدار بەو هیرارکییەتە، دەسەڵاتی ئەرستۆکراتیەت لەسەر ئەم ڕەعیەتانە دەستەبەر دەکەن. ئەم دەزگا فیوداڵیە، بە هەمان ڕێژەی دارایی بەکۆمەڵی کۆن، کۆمەڵایەتییە لە دژی چینی بەرهەمهێنەری ژێردەسەڵات، بەڵام شێوەی جڤات و پەیوەندی بە بەرهەمهێنەرانی ڕاستەوخۆ بەهۆی هەلومەرجی جیاوازی بەرهەمهێنان جیاوازە. (Gi45)**

هـاوشـان بـە موڵکەکانی فـیـوداڵـی، دەسـتـە گروپە بازرگانییەکان لە شـارەکـان درووسـتـدەبـن کە دارایـی

بەرهەمهێنانی ئەقڵ و دابەشکردنی کار سنوردارن، بەڵام پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی فیوداڵیزم، بە سیستمی دەستەیی سنوردارەکەی، بە پێشگرتن لە پەرەسەندنی چینی ناوەڕاستە تازە سەرهەڵدراوەکانی شارەکان ئەنجام دەدرێت کە سەرئەنجام لە شۆڕشێکی سیاسیدا ئەم سنوردارێتییانە بەسەر یەکەوە تێك دەشکێنن، هێزەکانی بەرهەمهێنان بە پێودانگێکی حەماسی لە کۆت و بەند رزگاردەکەن. هەرچەند کە دواتر، ئەم بۆرژوازییەتە وەك چینی سەرمایەداری تەواو خۆی بێ توانا لەوە دەبینێتەوە کە درێژە بە پەرەسەندنی ئەم هێزانە بدات، بێ ئەوەی کە نایەکسانییە زۆر و زەبەندەکان، هەڵاوسانە ئابورییەکان، بێکاری، بێ بەرهەمی و هەرەسهێنانی سەرمایەی هێنابێتە کایەوە. هەر ئەمەیە کە زەمینە بۆ لە ناوبردنی ئەم چینە بە دەستی چینی کرێکار فەراهەم دەکات، ئەو چینەی کە ئەرکەکەی ئەمەیە لێهاتویی و شارەزایی ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان بە دەستەوە بگرێت، ئەو ئامڕازانەش لەڕووی بەرژەوەندییە گشتییەکان بەکاربهێنێت.

**ئەوەی کە ئەم پرۆسەیەی (پەیدابوونی سەرمایەداری) بەو جۆرەی کە پێویستە و لەوانەیە سەرانسەری کۆمەڵگەی کۆن ئاوەژوبکاتەوە، ئەمەیە کە کرێکاران بە شێوەی پرۆلیتاریا دەردەخات، ئامڕازی کارەکانیان بۆ سەرمایە دەگۆڕێت، ئەمەیە کە شێوەی**

**بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەسەر کۆڵەکەکانی خۆی ڕاوەستاوە، ئەوکات بە کۆمەڵایەتییکردنی زیاتری کار و گۆڕانی زیاتری زەوی و ئامڕازەکانی بەرهەمهێنانی تر بۆ ئامڕازی بەرهەمهێنانی سودوەرگرتنی کۆمەڵایەتی، لەبەرئەوە، ئامڕازی بەرهەمهێنانی هاوبەش، هەروەها بەدەستهێنانی خاوەندارێتیی زیاتر لە خاوەندارێتی تایبەت شێوەیەکی تـازە بـەخـۆیـەوە دەگـرێـت. ئەوەی هەنوکە پێویستە چاوەڕوانی بەدەستهێنانی خاوەندارێتی لێبکرێت، ئیدی نە کرێکارێکە کە بۆ خۆی کاردەکات، بەڵکو سەرمایەدارێکە کە کرێکارانی زۆر وەبەردەهێنن، ئەم بەدەستهێنانی خاوەندارێتییە کاری یاسای کۆنتێکستی خودی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارانە، بەجێگیربوونی سەرمایە، ئەنجامیدەدەن. سەرمایەدارێك هەمیشە هەندێک کەس دەکوژێت. «ڕەوتی مێژوویی کەڵەکەکردنی سەرمایەداری«(SW236).**

بە گوتەیەکی دیکە، سەرمایەداری لە بەکۆمەڵایەتیکردنی کار و جێگیرکردنی سەرمایە ڕێگەیەك بۆ نەفیکردنی خۆی هەموار دەکات:

**هـاوهـەنـگـاو بـەم جێگیربوونە، یـاخـود ئەم بەدەستهێنانی خاوەندارێتییە لای زۆرێـــك لە سەرمایەداران بە دەست ژمارەیەك لە سەرمایەداران، بە بـەراوارد بە هەر ساتێکی ڕوولەزیاد، شێوەیەکی**

**هاویارانەی پرۆسەی کار، لە بەکارهێنانی هونەری و ئاگایانەی زانست، کێڵانی ڕێکوپێکی زەوی، گۆڕانی ئامڕازەکانی کار بۆ ئامڕازەکانی ئەو کارەی کە بە تەنیا بە شێوەی هاوبەش شایستەی سود لێوەرگرتنە، جگە لە هەموو ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان بە سودوەرگرتن لێیان وەك ئامڕازەکانی بەرهەمهێنانی کاری ئاڵۆز و تێکەڵاو، بەکۆمەڵایەتیکراو، زیادبوونی تەواوی خەڵك لە تۆڕی بازاڕیی جیهانی، هاوشان بەو ئەدگارە نێودەوڵەتییەی حکومەتی سەرمایەداری بڵاودەبێتەوە.(ibid SW236)**

کەواتە، ئەوە سەرمایەدارییە کە دژایەتی بە کۆمەڵی خۆی (کرێکاران) دەهێنێتەکایەوە، بە تەنزێکی ئازاردەر گۆڕهەڵکەنانی خۆی دەخاتە نێو جیهانەوە:

**هاوشان بە ژمارەیەك کەمبوونەوەی زەبەلاحی سەرمایە کە تەواوی پێدراوەکانی ئەم پرۆسەیەی گۆڕانە توند و خێرا و مۆنۆپۆڵی دەکەن، جەماوەری وێران، ستەم، کۆیلەیی، بە کەم دانان و وەبەرهێنان بەرزدەکەنەوە، بەڵام هاوشان بەوەش، هەڵگەڕانەوەی چینی کرێکاریش بەرزدەکەنەوە، ئەو چینەی کە لە رووی ژمارەوە، بەردەوام روو لەزیاد بوونە، بە کۆمەکی هەمان ئەو میکانیزمەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری چاودێری دەکرێت، یەکدەگرێت و ڕێکدەخرێت. مۆنۆپۆڵکردنی سەرمایە بە شێوەی تەوق**

**و زنجیرەیەك دەكرێتە پێی شێوەی بەرهەمهێنان، كە هاوشان و لە رۆشنایی ئەوەوە گەشاوەتەوە. جێگربوونی ئامرازەكانی بەرهەمهێنان و بەكۆمەڵایەتیكردنی كار سەرئەنجام بە خاڵێك دەگات كە ئەم دووانە بە توێكڵە سەرمایەدارانەكەی خۆیان ناتەبا دەكەن. ئەم توێكڵە دەشكێنێت. زەنگی مەرگی خاوەندارێتیی تایبەتیی سەرمایەداری رادەگەیەنرێت. بەدەستهێنانی خاوەندارێتییكەرەكان دەبنە بەدەستهێنانی خاوەندارێتی. (SW.ibid237)**

لەبەرئەوەی مەبەستەكە بەم شێوەیە خرایەڕوو، تەواوی پرۆسەی شۆڕشی پرۆلیتاریایی بە جۆرێكی باوەڕپێنەكراوی خۆكار دێتە بەرچاو. بە گوێرەی ئەم گێڕانەوەیە لە هزری ماركس، چینی زاڵ بە گوێرەی شیاوێتییان بۆ پەرەسەندنی هێزەكانی بەرهەمهێنان دەردەكەون و دەڕووخێن، بەم چەشنە، شێوازەكانی بەرهەمهێنان (كۆمۆنیزمی سەرەتایی، كۆیلەداری، فیودالیزم، سەرمایەداری) بەگوێرەی لۆژیكی خۆیان بۆ ئەویتر دەگۆڕدرێت. ئێمە لێرەدا سەروكارمان لەگەڵ جۆرێك لە گێڕانەوەی مێژووباوەڕانەی ئەنترۆپۆلۆژیی ماركسدا هەیە، ئەوەی پۆزەتیڤە گەشەسەندنی مرۆییە، ئەوەی نێگەتیڤە هەموو ئەو شتانەیە كە ئەم پرۆسەیە لە ناوی دەبات، بەڵام بە تەواوی روون نییە كە پێویستە بە چ جۆرێك ئەم مۆدێلە لەگەڵ بەشگەلێك لە كاری ماركسدا

تەبا بکرێت کە سەبارەت بەوەیە هەموو ئەوەی لایەنی سەنتەری و سەرەکی هەیە، نەك هێزەکانی بەرهەمهێنان، بەڵکو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، بەو چەشنەی کە چینی زاڵ هێزەکانی بەرهەمهێنان لای خۆی و ماف و مەبەستە وەبەرهێنخوازەکانی خۆی پەرە پێدەدات. لەبەرئەمەیە کە ئەمەش بە بێبەشبوونی چینی ژێردەست ئەنجام دەدرێت، بە گوێرەی ئەم مۆدێلە شۆڕشی سیاسیی راستەوخۆ لە رێگەی ململانێی چینایەتییەوە روودەدات، نەك بە هۆی پاڵنەرێکی بان-مێژوویی بۆ رزگاربوونی هێزەکانی بەرهەمهێنان لە کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییەکەیان. ئەوە خەباتی چینایەتییە کە بە هێزی جێگیری مێژوو دێتە ئەژماردن، بەڵام ئەو خەباتەی کە لە کاروباری بەرهەمهێنانی مادی سەرچاوە دەگرێت.

سەرنجی تایبەتی مارکس، بە تایبەت لە بەرهەمە ناسراو و پڕ بایەخەکەی (واتە سەرمایە) چاودێرە لەسەر شێوەی بەرهەمهێنانی سەردەمی خۆی. لەم سیستمەدا، کرێکار کە هیچ شتێکی جگە لە توانای کارکردن (یان هێزی کاری) لە دەستدا نییە، بە ناچاری دەبێت ئەم توانایە بە هەبوونی سەرمایە بفرۆشێت، ئەم سەرمایەدارە دواتر ئەم توانایە بۆ سودی خۆی بەکاردەهێنێت. خودی مرۆڤەکان لە بازاڕدا بۆ کاڵا شایستەکان بە قەرەبوکردنەوە دەگۆڕدرێن. سەرمایەدار بۆ بەکرێگرتنی هێزی کاری کرێکار بە شێوەی سەوداکردنی کاڵاکان کە ئێمە ئەوە وەك کرێی دەست دەناسین (کرێی

دەستی، بەهای ئەو شتەیە کە کرێکار پێویستی پێی هەیە تاوەکو هێزی کاری خۆی دووبارە بەرهەمبهێنێتەوە)، واتە لایەنی کڕینی شتومەکی پێویست بۆ ئەوەی کە زیندوو بمێنێتەوە، بە هەمانشێوەش، درێژە بە کارکردن بدات، بەڵام لەبەرئەوەیە کە هێزی کار هەرگیز شتێکی جێگیر نییە، بەڵکو بە توانا مرۆییەکانەوە بەستراوەتەوە، بە تایبەت جۆرێکی ناسنورکراو و دیارینەکراو لە کاڵاکان، سەرمایەدار بە بەکارهێنانی ئەو جۆرە دەتوانێت بەهایەکی زیاتر لەوەی کە پێویستە بە کرێکارەوە سەرقاڵ بێت، بەدەستبهێنێت، ئەم بەهایە بە شێوەی ئەو کاڵایانەی کە بەرهەمدەهێنرێن بە دەستدێت. ئەم پرۆسەیەی کە مارکس ئەوەی بە خستنە دەرەوەی «زێدەبەها» لە چینی کرێکار دادەنـا، کلیلی دەستگەیشتن بە زاتە وەبەرهێنانخوازەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سەرمایەدارییە، بـەڵام لێرەوەیە کە سەوداکردنی کرێی دەستی بۆ کار، بە سەودایەکی بێگەردانە دێتەبەرچاو، ئەم سودوەرگرتنە خۆی شێوەی کارەکانی رۆژانەیی سیستم لەبەرچاو دەشارێتەوە.

وێـڕای ئـەوەش، سیستمی سەرمایەداری سیستمێکی چاودێری ئامێزە کە تێیدا هەموو بەرهەمهێنەرێك پێویستە هەوڵبدات یا سەرمایەی خۆی پەرە پێبدات یان بیخاتە ژێرپێیەوە. لەڕوانگەی مارکسەوە، یەکێك لە ئاکامەکانی ئەمەش مەیلی دابەزینی نرخی سودە کە بەو هەڵاوسانانە

ئەنجام دەدرێت کە تاکو ئەمڕۆ شێوەی جوانی و باشی ئەم سیستمە بووە. بەم چەشنە، ئاگری ململانێکانی سیستم، هاوشان بـەوە، خودی ململانێی چینایەتیش توندوتیژتر دەکات، چونکە لە بەرژەوەندی سەرمایەدارییە کە ژمارەیەکی زۆر لە بەرهەمەکانی کـاری کرێکاران بە شێوەی سود بکاتە خاوەنی، لە بەرژەوەندی کرێکاراندایە کە تا دەتوانن رێژەیەکی زیاتر لە سودگەلی بە دەستهاتوو لە کاری خۆیان وەربگرن. لە دیدی مارکسەوە، تاکە رێگەچارەی ئەم بنبەستە شۆڕشی سۆسیالیستییە، کە لە رێگەیەوە چینی کرێکار دەبێتە خاوەنی سەرمایەی خۆی، بەربەستی بەکۆمەڵی خۆی لەسەریان بە کاردەهێنێت، لە باتی ئەوەی سەرمایە بە سودی ژمارەیەکی دیاریکراوی کەسدا بێت، ئەوە بە خزمەتی ویستەکانی هەموان دەردەکەوێت.

مارکسیزم فۆڕمێك لە ئاکارپەرستیی نییە، کە سەرمایەداران وەك خراپەکار تاوانبار بکات و کرێکاران بە لوتکە و پایە بگەیەنێت. مەبەستی مارکسیزم زیاتر بەدەستەوەدانی تیۆرییەکی «زانستییە» لە بارەی گۆڕانی مێژوویی کە بە گوێرەی ئەو گۆڕانە ناتوانین بڵێین هیچ چینێکی زاڵ بە روونی پۆزەتیڤە یان نێگەتیڤە. بەم خوێندنەوەیە، بە مەرجێك چینی «پێشڕەو» کە بە هەمان شێوە، بتوانێت هێزەکانی بەرهەمهێنان پەرە پێ بدات -بەم بەهایە لەوانەیە بتوانین بڵێین کۆیلەداری لە رۆژگاری خۆی شێوەیەك پێشڕەوی بووە.

هەڵبەتە ئەمەش بە روونی هەستە دادپەروەریخوازەکانمان بریندار دەکات، بەڵام هەندێکات، وادێتە بەر چاو کە خودی مارکس چەمکگەلێکی وەك دادپـەروەری بە ئایدیۆلۆژیای بۆرژوازییەتی پەتی دەژمێرێت کە وەبەرهێنان پەردەپۆشی دەکـات، هەرچەندە کـاری خـودی ئـەو، بە شێوەیەکی تەنزئامێز لە مەیلی بزوێنەر هێز و توانا بە کۆمەڵگەیەکی عادیلانە دەبەخشێت. لەوانەیە بۆرژوازییەت رێگرییەك بێ لەبەردەم ئازادی، دادپەروەری و خۆشگوزەرانیی گشتی لە سەردەمی هەنوکەدا، بەڵام هەمان بۆرژوازییەت لە سەردەمی پەخشبوونەوەی خۆی بەو هێزە شۆڕشگێڕییە ئەژمار دەکرێت، کە نارەزاییکەرە فیوداڵییەکانی خۆیان لەنێو دەبات، هزرەکانی دادپــەروەری و رزگـاری بۆ شوێنگرتنەوەی سۆسیالیستی، خۆیان بە میرات بۆ بەجێماوە و هێزەکانی بەرهەمهێنان پەرە بە پایە و کۆڵەکەیەك دەبەخشێت کە سۆسیالیزم بتوانێت بە شێوەی پرۆژەیەکی پراکتیکی دەربخات، چونکە بێ سامانی مادی و مەعنەوی، کە سەرمایەداری پەرەی پێیانداوە، خودی سۆسیالیزم توانادار نییە. ئەو سۆسیالیزمەی کە دەیەوێت هێزەکانی بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی گشتی پەرەپێبدات، بێئەوەی لە چینی سەرمایەداری سودمەند بێت کە ئەم ئەرکە بۆ ئەوە بە ئەنجام بگەیەنێت، سەرئەنجام سەر لەو فۆرمە دەسەڵاتخوازەی هێزی دەوڵەت دەردێنێت کە بە ستالینیزم ناوبانگی دەرکردووە، ئەو سۆسیالیزمەی کە نەتوانێت لە چینی

ناوەڕاست میراتی دەوڵەمەندی ئازادیە لیبراڵەکان و دامەزراوە مەدەنییەکان بۆ خۆی دەستەبەر بکات، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ تۆتالیتاریزم نابێ. لەوانەیە بۆرژوازییەت لە رووی کەم بەهاترین پاڵنەرەکانەوە، واتە پاڵنەری سودی تاکەکەسی، دەست بەو کارانە بکات کە تا ئێستا ئەنجامی داوە، بەڵام لەبەرئەوەی بە شێوەیەکی بەکۆمەڵ لەبەرچاومان گرتوون، روون دەبێتەوە کە ئەم پاڵنەرە، رێگەی چالاککردنێکی بەرچاو بۆ پێگەیاندنی هێزەکانی بەرهەمهێنانە بەو خاڵەی کە تێیدا، بەر دووبارە رێکخستنی سۆسیالیستی ئەم هێزانە دەکەوین، ئەم هێزانە دەتوانن سەرچاوەگەلی پێویست بۆ لە نێوبردنی هەژاری و بێبەشبوون لەسەرانسەری جیهان فەراهەم بکەن.

بەڵام دەستکەوتی چینی ناوەڕاستی شۆڕشگێڕی، تەنیا مادیی نییە. ئەم چینە لە راکێشانی تاك بۆ لوتکەگەلی تازە لە گەشەسەندنێکی ئاڵۆز، هەروەها سامانی مرۆیی لە رێگەی هێزەوە چالاك بکات کە سۆسیالیزم بەردەوام بە قەرزداری دەمێنێتەوە. مارکسیزم بابەتی هەڕەمەکی و بەڕێکردنی ئایدیاڵی کۆمەڵایەتیی جوان و تازە نییە، بەڵکو بابەتەکە ئەم پرسیارەیە بۆچی ئایدیاڵە جوانەکان کە تا ئێستا هەمان بووە، لە ڕووی بونیادییەوە سەلماندویانە ناتوانن بۆ هەموو کەس بە دیبهێنرێت. مارکسیزم دەتوانێت ئەو هەلومەرجە مادییە فەراهەم بکات کە بەگوێرەی ئەو هەلومەرجە بەدیهاتنی ئەم ئایدیالانە بەهێزبکات، یەکێك لەم چەشنە هەلومەرجانە

ئەمەیە: بۆرژوازییەت یەکەمین چینی کۆمەڵایەتیی گشتی و یونیڤێرساڵە کە هەموو رێگریی و بەربەستە بەرتەسکەکان بەسەریەکەوە تێکدەشکێنێت، جۆرێك پەیوەندیی جیهانی دروستدەکات کە دەشێت بنەڕەت و بنەمای کۆمەڵگەی سۆسیالیستی نێونەتەوەیی پێکبهێنێت.

بەم چەشنە، تیۆرێکی دیالەکتیکی لەبارەی مێژوویی چینایەتی دەتوانێت لایەنە رزگارییەبەخش و ستەمکارەکانی ئەم مێژووە، وەك تاکە توخمێکی لۆژیکی، پێکەوە لەبەرچاو بگرێت. مارکس ئەم روانگەیە لە پەرەگرافێکی کورتدا روونەدەکاتەوە:

> **لە سەردەمی ئێمەدا وەها دەردەکەوێت کە هەموو شتێکی ئاوسبوو (pregnant) دژ بە خۆیەتی. شاهیدی ئەوەین کە ئامێر هەر چەندەش سودمەندە لە دەسەڵاتی سەرسوڕهێنەری کورتکردنەوەی ماوەی کاری مرۆڤ و راییکردنی کارەکەیە، ئەوە بە برسێتی دەئاڵوسکێنێت و کاری زیادەیان لەسەر دەسەپێنێت. سەرچاوەگەلی تازەدەرکەوتووی سامان، بە تەلیسمێکی ترسناك و سەیری وەها، بۆ سەرچاوەگەلی ویست و خواست دەگۆڕدرێت. وا دێتە بەر چاو سەرکەوتنەکانی هونەر بە لەدەستدانی کەسایەتی و تایبەتمەندی ئاوێزان بن. وادێتە بەرچاو لەگەڵ هەموو ئاوازێك کە جۆری مرۆڤ لەسەر سروشت زاڵدەکات، مرۆڤ**

**بە کۆیلەی دیکەی مرۆڤەکان یان کۆیلەی ریسوایی خۆی دەردەخــات. وەها دەردەکەوێت تەنانەت رۆشنایی رووتی زانست نەتوانێت جگە لە زەمینەی ستونی نەزانی بدرەوشێنێتەوە. وا دێتەبەرچاو کە هەموو داهێنانەکان و پێشکەوتنەکانمان بە سودمەندبوونی هێزە مادییەکان لە ژیانی هزری و گۆڕانی ژیانی سەرسوڕهێنەری مرۆیی بۆ هێزی مادی ئەنجام بدرێت. ئەم پێکدژییە لە نێوان پیشەسازی و زانستی مۆدێرن لە لایەك، لە نێوان وێرانی لەیەکداپچڕان لە لایەکی دیکەوە، ئەم پێکدژییە لە نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی ئێمە واقیعیەتێکی بەرجەستە و خەفەتهێنەرە و ناتوانین رەتی بکەینەوە. (The people`s paper, 1956)**

لە ناخی تێگەیشتنی مارکس لە شتگەلی وەك تەنز، ئاوەژووکراو، قەڵبکردنەوە و گرژیبوون شاردراوەتەوە. چینی سەرمایەدار بە کەڵەکەکردنی گەورەترین ئەو سامانەی کە مێژوو باسیکردووە، ئەم کارە لە زەمینەیەك لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ئەنجامدراوەکانە کە زۆربەی ژێردەستان خۆیان بە برسی و بەدبەخت و ستەمدیدە داناوە لەباری ئێستادا. هەروەها ئەو نەزمە کۆمەڵایەتییە دەهێنێتە کایەوە کە تێیدا بە هۆی پێکدژییەکانی بازاڕ، هەر تاکەکەسێك لە بەرامبەر تاکەکەسێکی دیکە دادەنێت - بەو چەشنەی کە تێیدا، لە

باتی هاوڕێکی و دۆستایەتی، لادان، دەسەڵات، چاودێری، جەنگ و وەبەرهێنانی ئیمپریالیستی برەوی هەیە. مێژووی سەرمایەداری، مێژوویی تاکگەرایی مۆنپۆڵخوازانەیە کە تێیدا هەر مرۆڤێکی وریا لە فەزای خۆسەنتەری خۆیدا لە بەرامبەر ئەوانی دیکە رادەوستێت، تەنیا بە چاوێکی ئامڕازی لە دۆستانی خۆی دەڕوانێت کە بە کەڵکی کاری بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییە ئشیتیاهێنەرەکان دێت، بەڵام مەبەست ئەمە نییە کە مارکس دژی تاکگەراییە، دەیەوێت لە کۆیەکی بێ سیما خۆی نغرۆ بکات.

بە پێچەوانەوە، ئامانجی مارکس ئەمەیە کە پەیوەندییە بەکۆمەڵەکانی نێوان ژنان و پیاوان لە تەرازووی هێزە تاکەکەسییەکان کە بەتەواوی گەشەکردنیان سەرلەنوێ بەرقەرار بکات. بەو جۆرەی کە لە مانیفێستی پارتی کۆمنیستدا دەڵێت پێشکەوتنی ئازادانەی هەر کەسێك دەبێت مەرجی پێشکەوتنی هەموان بێت، ئەم مەبەستەش، تەنیا دەتوانرێت لە رێگەی بەدینەهاتنی خاوەندارێتی تایبەتی بەدەست بهێنرێت.

هەڵبەتە لە چوارچێوەی ئەم تیۆرە ئازا و خەیاڵئامێزەدا، بە ناچاری زیاد لە گرفتێك بوونی هەیە. لە لایەك، رێك روون نییە کە مەبەستی مارکس لە چینی کۆمەڵایەتی چییە. گاڵتەیەکی تەنزئامێز لە نێو راڤەکەرانی مارکسدا باوە کە ئەو دەتوانێت چەمکی چینی کۆمەڵایەتی بە تەواوی ئاوەژوو بکاتەوە،

ئەمەش شیرازەی کارەکەی لە یەك یەکاڵا دەکاتەوە. وێڕای ئەوەش، روون و بەرچاوە کە مارکس لە چەمکی چین لە بواری یەکەمدا بە چاوی وتەزایەکی ئابوری لێیدەڕوانی: ئەم چەمکە بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەی بەو کەسانە دەکرد کە بەرامبەر بە شێوەی بەرهەمهێنان لە پەیوەندییەکی یەکسان بە یەکتردا بوونیان هەیە، بە چەشنێك کە بۆ نموونە بەرهەمهێنەرانی سەربەخۆی وەك جوتیاران و خاوەن ئامرازەکان دەتوانرێت لەگەڵ یەکتر وەك «وردەبـــۆرژواز» پلەبەندی بکرێت، هەنوکە ئەو کەسانەی کە هێزی کاری خۆیان بەوانی دیکە دەفرۆشن بە پرۆلیتاریا ناودەبرێن. ئایا بەمجۆرە، ئەم روانینەی ئەستێرەیەکی میلۆنێری سینەما و، بە هەمان فۆرم بە بەشێك لە چینی کرێکار دێتە ئەژماردن؟ یان ئەوەی لەم وتەزایە دەیخوازین دەتوانێت بکەرە سیاسیی، کولتوری و ئایدۆلۆژیکییەکانیش بهێنێتە سەر رێ؟ چ پەیوەندییەك یاخود ناپەیوەستییەك لە نێوان چینی کۆمەڵایەتی و گروپە مرۆیی، نەتەوەیی، یاخود رەگەزییەکانی تردا بوونی هەیە کە خودی مارکس زۆر کەم بایەخی پێداون؟ ئایا چینێك دەبێت بە مانای تەواوی وشەکە لە بوونی خۆی ئاگاداربێت تاوەکو بتوانێت بە مانای واقیعی وشەکە وەك چین قسەی لەبارەوە بکرێت؟ ئەمە ئەو پرسەیەیە کە مارکس لە توێژینەوەکەی لەبارەی جوتیارانی فەرەنسا لە کتێبی هەژدەیەمی برۆمێری لویی پۆناپارت باسی دەکات و دەڵێت:

**جـوتـيـارانـی ورده مـوڵـكـدار، جـەمـاوەرێـكـی بەربڵاو پێكدەهێنن كە ئەندامانی ئەو گرووپە لە هەلومەرجێكی هاوشێوە ژیـان بەسەر دەبــەن، بێ ئەوەی پەیوەندیگەلێكی چەند لایەنەیان لەگەڵ یەكتردا هەبێت. مۆدێلی بەرهەمهێنان لە باتی ئەوەی ببێتە مایەی بەدیهاتنی دەستكەوتی چەندلایەنی نێوانیان، بۆتە مایەی جودایی و دووركەوتنەوەیان لە یەكتر... تا ئەو شوێنەی كە ملیۆنەها خێزان لە هەلومەرجێكی ئابوری دەژین كە شێوەی ژیان، بەرژەوەندی و كولتوریان لە شێوەی ژیان، بەرژەوەندی و كولتوری چینەكانی دیكە جیادەكاتەوە، ئەوان لە رووبەڕووبوونەوەیەكی دووژمنانە لەگەڵ چینەكانی دیكە دادەنێت، چین پێكدەهێنن، تا ئەو شوێنەی كە پەیوەندییەكی لۆكاڵی لە نێوان ئەم جوتیارە وردە موڵكدارانەدا بوونی هەیە، یەكسانی بەرژەوەندییەكانیان هیچ جڤات یا هیچ پەیوەندییەكی نەتەوەیی، هیچ دەزگایەكی سیاسی نێوانیان، هیچ چینێك ناهێنێتە كایەوە. (SW172)**

بەڵام سەبارەت بە تیۆری گۆڕانی مێژوویی: ئەگەر ماركس بەڕاستی پێیوایە خاڵی هەمیشەیی و لە هەموو شوێن ئامادە لەسەر پەرەسەندنی هێزەكانی بەرهەمهێنانە، ئەوكات ئەو لە بەرامبەر رەخنەیەكی ئیكۆلۆژیكی زیاندارداپە. هەروەها ئێمە دەبێت بپرسین ئایا ماركس ئەم دیالێكتیكییە مێژووییە

به جه‌بریی ده‌ژمێردرێت. مارکس له کتێبی مانفێستی پارتی کۆمۆنیستدا رایگه‌یاند که رووخانی بۆرژوازییه‌ت و سه‌رکه‌وتنی پرۆلیتاریا (به ئه‌ندازه‌یه‌ك ناچاره‌کییه) و له کتێبی سه‌رمایه‌دا ده‌نوسێت یاساکانی سه‌رمایه‌داری (به‌رامبه‌ر به ئاکامه ناچاره‌کییه‌کان به زه‌روره‌تێکی پۆڵاین کارده‌که‌ن) (C.Vol19). وێڕای ئه‌وه‌ش، له شوێنێکی دیکه‌دا، مارکس ئه‌م هزره ده‌خاته به‌رباسه‌وه که گه‌وهه‌رێك به ناوی مێژوو بوونی هه‌یه، له رێگه‌ی مرۆڤه‌کانه‌وه به شێوه‌یه‌کی جه‌برباوه‌ڕانه کارده‌کات:

**...مـێـژوو هیچ ناکات، مێژوو «هیچ سامان و سه‌روه‌تێکی جه‌ماوه‌ری له‌به‌رده‌ستدا نییه» مێژوو «ده‌ســت به جه‌نگ نـاکـات». ئـه‌وه مرۆڤه، مرۆڤی واقیعی و زیندو ئه‌م کارانه ئه‌نجام ده‌دات، که «سامانی جه‌ماوه‌ری» له‌به‌رده‌ستدایه و ده‌جه‌نگێت، «مێژوو» که‌سێکی جیا نییه که مرۆڤ وه‌ك ئامڕازێك بۆ ئامانجه تایبه‌ته‌کانی خۆی به‌کاربهێنێت، مێژوو شتێك نییه مه‌گه‌ر چالاکی مرۆڤ نه‌بێت که سۆراخی ئامانجی خۆیه‌تی...**«8»

هه‌روه‌ها مارکس ئه‌م هزره ره‌تده‌کاته‌وه که مۆدێله‌کانی به‌رهه‌مهێنانی مێژوویی جۆراوجۆر ده‌بێت به شێوه‌یه‌کی دیاریکراو، له دوای یه‌کتره‌وه بێن. به‌و چه‌شنه‌ی که وانایه‌ته به‌رچاو گومانی هه‌بێت. هێزه‌کانی به‌رهه‌مهێنان هه‌میشه به چه‌شنێکی پێویست بڵاو و په‌ره ده‌ستێنن. له هه‌ر دۆخێکدا،

ئەگەر رووخانی سەرمایەداری ناچارەکییە، بۆچی چینی کرێکار لە باتی ئەوەی خۆی رێکبخات تا زەمینەی رووخانی سەرمایەداری لەڕووی سیاسییەوە فەراهەم بکات، نابێت لە پەناگەیەك دابنیشێت و چـاوەڕوان بێت کە ئەم رووخانە رووبدات؟ لەوانەیە بتوانین بانگەشە بکەین، بەو جۆرەی کە دێتە بەرچاو مارکس بانگەشە و داوای هەیە، ناچارە چینی کرێکار بە ئاگاداربوون لە وێرانکردنی خۆی بگەیەنێت، دەسـت بۆ گـۆڕان بەرێت، بە چەشنێك کە کردەیەکی «ئـازادانـە» بە رێگەیەك بەشێك بێت لە گێڕانەوەیەکی جەبرباوەڕانەی بەربڵاو، بەڵام لە پراکتیکدا، ئەو کاتەی مارکس دەپەرژێتە سەر لێکدانەوەی پێگە سیاسییە تایبەتەکان، وەها دەردەکەوێت لەو بڕوایەدایە شۆڕشی سیاسی، پەیوەندی بە شەڕی هێزە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، کار و بەرهەمی ئەوەش بە هیچ شێوەیەك لە رووی مێژووییەوە دەستەبەر نابێت. بە دڵنیاییەوە یاسا مێژووییەکان بوونیان هەیە، بەڵام ئەم یاسایانە ئاکامگەلێکی کردەی دەستەجەمعی مرۆیین، نەك ئەو چارەنووسەی کە بە شێوەیەکی شکۆدار سەربەخۆیە لێی.

بەو جۆرەی مارکس بە شێوەیەکی جوان و ورد لە کتێبی هەژدەهەمی برۆمێردا دەڵێت:

**مرۆڤەکان مێژوویی خۆیان دروستدەکەن، بەڵام نەك بەو چەشنەی کە خۆیان دەیانەوێت، مرۆڤەکان**

مێژوو نەك لە هەلومەرجێك كە خۆیان هەڵیانبژاردووە، بەڵكو لە هەلومەرجێك دروستی دەكەن كە راستەوخۆ رووبـــەڕرووی دەبـنـەوە، لە رابـــردودا پێیاندراوە و گواستراوەتەوە. نەریتی هەموو نەوە مردووەكان وەك مۆتەكە یان كابوسێك لەسەر مەغزاكانی ژیان سەنگین و قورس دەكات... شۆڕشی كۆمەڵایەتیی سەدەی نۆزدەیەم ناتوانێت دروشمی خۆی لە رابـردووەوە وەربگرێت، بەڵكو تەنیا دەبێت لە داهاتووەوە وەریبگرێت. ئەم شۆڕشە ناتوانێت لە خۆیەوە دەستپێبكات، مەگەر ئـــەوەی كە لە پێش ئــەوە، پــەردە لەسەر هەموو خورافەتەكانی لكاو بە رابردوو هەڵماڵێت. شۆڕشەكانی پێشوتر پێویستیان بە یادەوەرییەكانی مێژووی جیهانی رابردوو هەیە تاوەكو لە بارەی ناواخنی خۆیان بەرەو جیهانی بێ هـەواڵ و بێئاگا بـڕۆن. شۆڕشی سەدەی نۆزدەیەم بۆ ئەوەی دەستی بگات بە ناواخنی خۆی پێویستە لێبگەڕێت خەڵكان مردووەكانی خۆیان بە گۆڕ بسپێرن. (SW97)

## بەشی چوارەم
## سیاسەت

ئەگەرچی مارکس لە راستیدا چەشنێك فەیلەسوفە، وێڕای ئەوەی لەگەڵ زۆرێك لە بیریاران و فەیلەسوفانیش جیاوازی هەیە، چونکە تێڕامانەکانی ئەو، هەرچەندە کە ئاڵۆزە، بەڵام دواجار لایەنێکی پراکتیکی هەیە، بە شێوەیەکی گشتی، بە کاری هێزە سیاسییە واقیعییەکان دێت، لە راستیدا بۆ خودی خۆی، جۆرێك هێزی سیاسییە. ئەمە هەمان ئەو تێزە ناسراوەی مارکسیستی تیۆری و پراکتیکیەکانە- گەرچی دەتوانرێت بڵێین ئامانجێکی تیۆریی مارکس بریتییە لە گەیشتن بەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا ئیتر پێویست نییە هزر

لایەنێکی ئامرازی هەبێت، هاودەنگ بێت لەگەڵ مەبەستی پراکتیکی، بەڵکو لە باتی ئەوە، دەتوانرێت بۆ خودی خۆی، وەك لەززەتبردن سودی لێوەربگیردرێت.

پەروەردەی سیاسی مارکس پەروەردەیەکی شۆڕشگێرییە – پێناسەی «شۆڕش» لە دیدی مارکس زیاتر پێویستی بە داهێنانی چینێکە، شوێنگرتنەوەی ئەو چینە بە چینێکی دیکە تاوەکو بە خێرایی، کتوپڕ یاخود توندوتیژی لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی (هەرچەند وادێتە بەرچاو کە ئەم هێزە شۆڕشگێرانەیە لە دروستکردنی سۆسیالیزمدا بە دەستێوەردەر دەزانرێن) ئەمە ئەو پرۆسەیەیە کە دەشێت بۆ ئەنجامدانی بە ئاشکرا کاتی زۆر ببات. لێرەدا دەتوانین لە تایبەتمەندی دیاریکراویی سۆسیالیزم بدوێین: سۆسیالیزم پابەندە بەوەی چینی کرێکار بە دەسەڵات بگات، بەڵام بەم کارە، ئەو هەلومەرجە دێتە کایەوە کە بە گوێرەی ئەو هەلومەرجە هەموو چینەکان لەنێودەچن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان ببێتە موڵکی گشتی و گشت بە سەریدا زاڵدەبێت، سەرئەنجامیش چینایەتی لە نێودەچێت:

**هەر کاتێك تەواوی چینەکانی پێشو بە دەسەڵات گەیشتن، هەوڵدەدەن بۆ ئاراستەکردنی شوێنە بەدەستهاتووەکەی کۆمەڵگە بۆ ئەوەی بیکەنە شوێنکەوتووی هەلومەرجی موڵکی خۆیان.**

**پرۆلیتاریاکان ناتوانن جگە لە خاپورکردنی شێوەی موڵکی پێشوتری خۆیان، لە ئاکامدا، تەواوی شێوەکانی موڵکی دیکە، هێزەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگە بکەنە هی خۆیان، پرۆلیتارییەکان شتێکی جگە لە خۆیان نییە کە بیپارێزن یاخود ئاراستەی بکەن، پەیامی پرۆلیتاریەکان وێرانکردنی هەموو ئەو شتانەیە کە خاوەندارێتیی تایبەتی تاوەکو ئێستا پاراستویەتی. (مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست، SW45)**

یاخود بەو چەشنەی کە مارکس بە ستایلی نوسینە یەکەمینەکانی خۆی دەیخاتەڕوو:

**پێویستە چینێك درووست ببێت بە زنجیرەگەلێکی رادیکاڵ، چینێك لە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کە چینێك لە کۆمەڵگەی مەدەنی نییە، ئەو چینەی کە کرانەوەی هەموو چینەکانە، ئەو سنورەی کە بە هۆی رەنج و ئازارە گشتییەکان سروشتێکی گشتیی هەیە، مافی تایبەت بۆ خۆی داوا ناکات، چونکە نەك ناهەقی تایبەت، بەڵکو ناهەقیی گشتی لەسەر ئەو بەڕەوا دەبینێت. دەبێت سنورێك لە کۆمەڵگە درووست ببێت نەك بانگەشەی شوێن و جێگەی نەریتی، بەڵکو تەنیا خوازیاری شوێنگەلێکی مرۆیی بێت ... ئەمە دەرخەری داتەپین و رووخانی کۆمەڵگەیە وەك چینێکی تایبەت، هاوشێوەی پرۆلیتاریا»[9].**

ئەگەر پرۆلیتاریا دواین چینی مێژووییە، لەو ڕووەوە کە بەدەسەڵات گەیشتنی ئەم چینە لە شێوەی ئەوەی مارکس بە «دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا» ناودێری دەکات، سەرەتا و دەروازەی بینای کۆمەڵگایە کە تێیدا هەموان بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، وەك خاوەنی گشتی ئەم ئامرازانە، لە پەیوەندییەکی یەکساندا دەبن. هەنوکە «کرێکار» ئیدی ناو و ناونیشانێکی نییە کە بە ئەندامێکی تایبەتی چینێك دابنرێت، بەڵکو ناونیشانی گشتیی هەموو ئەو پیاو و ژنانەیە کە کۆمەك بە بەرهەمهێنان و پاراستنی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگەیەنن. ئەمە یەکەمین قۆناغی شۆڕشی دژ بە سەرمایەدارییە کە مارکس بە سۆسیالیزم ناونیشانی پێدا، ئەو قۆناغەیە کە یەکسانی تەواو بە پێویست دانانرێت. لە ڕاستیدا، مارکس لە تەواوی چەمکی «مافیی یەکسان» بە چاوی ئەو شتە لێیدەڕوانێت کە لە قۆناغی بۆرژوازیەتەوە بە میرات پێماندەگات، واتە جۆرێك تێڕامانی بیرمەندئاسا لە ئاڵوگۆڕکردنی کاڵاکان بەشێوەیەکی ئەبستراکتی یەکسان. مەبەستەکە ئەمە نییە کە لە دیدی مارکس، ئەم تێگەیشتنە سودمەند لە بەها نییە، بەڵکو خاڵە گرنگەکە لێرەدایە کە ئەم چەمکە تایبەتمەندی پیاوان و ژنان و، ئامادەییە کەسییەکان و جیاوازیەکەیان لە نێو دەبات. لێرەوەیە ئەم چەمکە وەك فۆرمێکی ڕازئامێز کاردەکات، ناواخنی ڕاستەقینەی نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان لە پشت فۆرمی مافی پەتی

دەشارێتەوە. سەرئەنجام مارکس زیاتر سەرقاڵە بە جیاوازی تاوەکو بە یەکسانی. لە سۆسیالیزمدا ئەم بابەتە بەو چەشنە ماوەتەوە کە:

**...تاکێك لە رووی جەستەیی یاخود زیهنی باڵادەستی بەسەر ئەویترەوە هەیە، لەم رووەوە، لە سەردەمێکدا کارێکی زیاتر ئەنجام ئەدات، یاخود دەتوانێت سەردەمانێکی زیاتر، بۆ ماوەیەکی زیاتر کاربکات، ئەگەر بڕیاربێت کار بکرێتە پێوەر، پێویستە ماوە و توندی ئەو کارە بکرێتە پێودانگی پێناسەکردنەکە، ئەگەرنا بە پێودانگ هەڵناسەنگێندرێت. (کەواتە) ئەم مافی یەکسانییە بۆ کارکردنی نایەکسانی مافی یەکسان دەبێت. ئەم مافی جیاوازییە چینایەتییانە بە فەرمی ناناسێنێت، هەموان وەك کرێکارانێکی هاوجۆر و هاوچەشن دەزانێت، وێڕای ئەوەش، توانای نایەکسانەکان بەفەرمی دەناسێنێت. لە ئاکامدا، لە ناواخنی خۆی وەك هەر مافێکی دیکە پشت ئەستورە بە یەکسانی. ماف بە داواکردن و سەندنی سروشتی خۆی تەنیا دەتوانێت لە خۆگری بەکارهێنانی پێودانگێکی یەکسان بێت، بەڵام تاکەکان (ئەگەر یەکسانی بوونی نەبێت، جیاوازی نێوان تاکەکان نابینرێت) تەنیا لە یەك لایەنی دیاریکراوەوە لەبەرچاو بگیردرێت، بۆ نموونە، لەمەڕ ئەم باسە، پێویستە تاکەکان تەنیا وەك کرێکار**

**بخرێنه بەرچاو، تەواوی لایەنەکانی دیکە نەخرێتە بەر ئەژمارکردنەوە و لەبەرچاو نەگیردرێت. جگە لەوەش، کرێکاری خێزاندار و کرێکاری سەڵتی دیکە، یەکەم، منالێکی زیاترە، دووەم، کەمتر و هتد. بەم چەشنە، لەگەڵ کاری یەکسان، لەبەرئەوە پشکی یەکسان لە سندوقی بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی، لە راستیدا کرێکارێك لە کرێکارێکی دیکە زیاتر وەردەگیرێت، یەکەم لەوەی دووەم شوێن و پێگەیەکی باڵاتر و زۆرتری دەبێت. بۆ دوورکەوتنەوە لەم کەموکوڕی و گرفتانە، پێویستە مافی یەکسان بگۆڕدرێت بۆ مافی نایەکسان. (رەخنەی بەرنامەی گۆتا، 344 و Sw)**

کەواتە، سۆسیالیزم پەیوەندی بە هاوتەرازووی رەهای تاکەکانەوە نییە، بەڵکو پابەندە بە رێزدانان بۆ جیاوازییە تایبەتەکانی تاکەکان، ئەم توانایە فەراهەم دەکات کە ئەم جیاوازییانە بۆ یەکەمینجار پەخش بونەتەوە. بەم چەشنەیە، مارکس پێکدژیەکی لایەنی تاکەکەسی و لایەنی گشتی چارسەر دەکات: بە دیدی ئەو، لایەنی گشتی بە مانای دۆخی هەبوونی زبری و درشتی تاکەکەسی نییە، بەڵکو لایەنێکی پێویستە کە هەموو کەس لە پرۆسەی بەخشینی پەرەسەندن بە ناسنامەی تاکەکەسیی خۆی پێویستە تێیدا رابوەستێت، بەڵام مادام ژنان و پیاوان بەو چەشنەن، پێویستە بە گوێرەی کاری خۆیان پاداشت وەربگرن، نایەکسانییەکان بە ناچاری کەم دەبنەوە.

وێڕای ئەوەش، پەرەسەندوترین قۆناغی کۆمەڵگە کە مارکس پێیدەڵێت کۆمۆنیزم، هێزەکانی بەرهەمهێنان بە وەها پلەیەکی بەرفراوان پەرەدەستێنێت کە نە یەکسانی دەخرێتە بەر باسەوە نە نایەکسانی. لە باتی ئەوە، پیاوان و ژنان هەموو ئەو شتانەی کە پێداویستەکانیان بەدی بهێنێت لە سندوقی هاوبەشی سەرچاوەکانەوە وەریدەگرن:

**لە قۆناغی باڵاتری کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی، لە دوای ئەوەی کە دوورخستنەوەی گرفتباری تاك لە دابەشکردنی کار کۆتایی پێدێت، هەروەها ئەو کاتەی کە ململانێ لە نێوان کاری فیکری و کاری جەستەیی لەنێودەچێت، لە دوای ئەوەی کار لە ئامرازێکدا تەنیا بۆ گوزەراندنی ژیان دەگۆڕدرێت بە ویستی بنەڕەتیی ژیان، لە دوای ئەوەی هێزەکانی بەرهەمهێنان هاوشان بە پەرەسەندنی هەمە لایەنەی تاکەکان بڵاوببنەوە، هەموو چاوەکانی دەوڵەمەند و سامان هاویارانە بە خۆڕاگری و بە شێوەیەکی زۆر خێرا بکات. تەنیا لەو کاتەدا دەتوانرێت لە ئاسۆی سنورداری مافی بۆرژوازییەت بە تەواوی لە ناوچوو، کۆمەڵگە دەیتوانی ئەم دروشمە رۆڵی لەسەر ئاڵای خۆی هەبێت: «لە هەر کەسێکدا بە گوێرەی تواناکەی و بە هەر کەسێک بە گوێرەی ویستەکانی!» (ibid325)**

لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی، ئێمە لە دژواری و ئاڵۆزی چینی کۆمەڵایەتی بەتاڵکراوین، لەباتی ئـەوە، بەتاڵی و توانادارى ئەوەمان هەیە کە بە شێوەیەك هەڵیبژێرین، کەسایەتییەکانی خۆمان پێی پەروەردە بکەین، بە مەرجی ئەوەی ئەم حوکمە تێبپەڕێنین کە هەر کەسێك ئیدی توانای کارێکی وەهای هەبێت. ئەوەی ئەو ئامانجە سیاسییە بە توندی هەرچی تەواوتر لە لیبرالیزم جیادەکاتەوە ئەمەیە کە لەبەرئەوەی لە دیدی مارکس بەیانکردنی بوونی تاکەکەسیمان هەروەها بە مانای بەدیهێنانی بوونی جۆریمانە، ئەم پرۆسەی پەروەردەی ژیانی تاکەکەسییە دەبێت لە باتی گۆشەنشینێکی شکۆمەند لە راگـوزەری پەیوەندییە دوولایەنەکان ئەنجام بدرێت. مارکس لە شوێنێکی دیکەدا لە باتی ئەوەی کە لەباشترین دۆخدا بە چاوی سەرمایەگوزاری هاوبەش لە پرۆژە یاخود لە خراپترین دۆخدا لە ئایدیای رێگری چالاکی لەسەر رێگەی خۆبونیادنانی کەسی بڕوانێت بە چاوی ئامڕازێك بۆ بونیادنانی تاکەکەسی لێیدەڕوانێت. هەروەها کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی دەبێت هێزەکانی بەرهەمهێنانی بەجێماو لە سەرمایەداری بە ئامانجێك بۆ لەنێوبردنی هەرچی شیاوتری تەواوی کاری خەفەتئامێزە بگۆڕێت، بەم چەشنە، پیاوان و ژنان لە ستەمکارییەکی زەحمەتکێش رزگاردەکەن و، ئەم توانایە بەئەوان دەبەخشێت کە چاودێری و زاڵێتی دیموکراسییانە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی وەك «تاکێکی

یەکگرتوو» کۆتوبەند بکات کە هەر بەزوویی بەرپرسیارێتییە چارەنووسسازەکانی خۆیانیان لە ئەستۆوە گرتووە. لە دەسەڵاتدارێتی کۆمۆنیزمدا، پیاوان و ژنان دەتوانن هێزە نامۆکراوەکانی خۆیان بدۆزنەوە، ئەو جیهانەی کە ئافراندویانە وەك جیهانی خۆیان بیناسێننەوە، ئەمەش ئەو جیهانەیە کە نەگۆڕانی درۆینەی خۆیان رازاوە دەکات.

بـەڵام شۆڕشی سۆسیالیستی پێویستی بە فاکتەرێك هەیە، ئەم فاکتەرەش مارکس لە پرۆلیتاریادا کەشفی دەکات. بۆچی پرۆلیتاریا؟ نەك لەو رووەوە کە پرۆلیتاریاکان لەرووی مەعنەوییەوە دەستباڵاییان بەسەر چینەکانی دیکەدا هەیە، هەمدیس نەك لەو رووەوەی کە ستەمدیدەترین گروپە کۆمەڵایەتییەکانن. لەم چوارچێوەیەدا، وێڵگەردەکان و بێ شتەکان (ئەوەی مارکس کەم تا زۆر بە ئیهانەپێکردنی لۆمپەن بە پرۆلیتریا ناودێری دەکرد) تاڕادەیەکی یەکجار زۆر بە کاردەهێنرێن. لەوانەیە بتوانرێت بانگەشە بکرێت کە نەك سۆسیالیزم، بەڵکو ئەوە سەرمایەدارییە کە چینی کرێکار وەك فاکتەری گۆڕانی شۆڕشگێری هەڵدەبژێرێت. چینی کرێکار چینێکە کە هەڵقوڵاون تاوەکو لە نێوبردنی سەرمایەداری زۆرترین پشك بەدەستبهێنێت، ئەو چینەیە کە بەو چەشنە لێهاتو، رێکخراو و جێگیرە کە بتوانێت ئەم ئەگەرە بە کۆتا بگەیەنێت، بەڵام ئەرکی چینی کرێکار ئەمەیە شۆڕشێکی تایبەت بە ئەنجام بگەیەنێت، ئەویش شۆڕشە

لە دژی سەرمایەداری، بەم چەشنە، بە هیچ گوزارشتێك لە چاودێریکردنی گروپە رادیکاڵەکاندا نییە (وەك فیمینیستەکان یان ناسیۆنالیستەکان یان چالاکڤانانی نەتەوەیی) کە دەبوایە گۆڕانە تایبەتەکانی خۆیان تێبپەڕێنن، لە شێوەی داواکراوی خۆیان لەگەڵ ئەو کەسانە یەکبگرن کە دەبنە جێی زۆرترین سودوەرگرتنی سەرمایەداری.

ئەم کۆمەڵگەیە چ شێوەیەك بەخۆیەوە دەگرێت؟ بێگومان شێوەی نەزمێکی کۆمەڵایەتیی دەوڵەتمەدار (State-run) بە خۆیەوە ناگرێت. لە دیدی مارکس، دەوڵەتی سیاسی پەیوەندی بە «سەرخانی» رێکخراوی کۆمەڵگەوە هەیە: خودی دەوڵەت، لەجیاتی ئەوەی کە تاکلایەنانە لەودیوی خەباتی چینایەتی یاخود نیشانەی داتەپین و رووخانی ئایدیالیەکەی بێت، دەستکەوتی ململانێی چینایەتییە. دەوڵەت دواجار ئامڕازی چینی دەسەڵاتدارە، رێگەیەکە بۆ دەستەبەرکردنی هەژموونی خۆی لەسەر چینەکانی دیکە، دەوڵەتی بۆژوازییەت بەتایبەت لە ناخی نامۆبوونی نێوان ژیانی تاکەکەسی و گشتیی سەر دەردێنێت:

**... لەم ململانێیەوە لە نێوان بەرژەوەندی تاك و بەرژەوەندی گشت، ئەمەی دووەمـە وەك دەوڵەت فۆڕمێکی سەربەخۆ بـە خـۆیـەوەدەگـرێـت کـە لە بەرژەوەندییە واقیعییەکانی تاك و کۆ جیاوازە، لە هەمانکاتدا، وەك ژیانی بەکۆمەڵی وەهم، بەردەوام**

**به گوێرەی پەیوەندییە بوونییەکان لە هەر بەیەك ئاویزانبوونێکی خێزانی و خێڵەکی (لە جۆری خوێن و گۆشت، زمان، دابەشکردنی کار لە پێودانگێکی بەربڵاو و بەرژەوەندیەکانی دیکە) و بە تایبەت بەو چەشنەی کە لەدوای ئەمەوە روونیدەکەمەوە، لەسەر چینەکان جێگیرە، ئـەو چینەی کە لە دابەشکردنی کـارەوە سەرچاوە دەگرێت، دابەشکردنی کار کە هەر یەك لەم چەشنە جەماوەری مرۆڤەکان لێکهەڵدەوەشێنێت، یەکێك لەسەر ئەوی دیکە زاڵدەکات. لێرەوە هەموو ململانێیەکان لە ناخی دەوڵـــەت، ململانێی نێوان دیموکراسییەت، ئەرستۆکراتییەت، دەسەڵاتدارێتی، ململانێ بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدان و ...هتد فۆرمگەلی پڕ وەهمن کە تێیاندا پەیکەرە واقیعیەکانی چینە هەمەچەشنەکان تا کۆتایی خەباتەکە درێژەیان پێدەدەن. (Gi35)**

مارکس لە شیکردنەوە تێروتەسەلەکەی ململانێ چینایەتییەکاندا، هەمیشە ئەم روانگە ئامرازخوازە خێراییەی نەگرتۆتەبەر، وێڕای ئەوەش، دڵنیایە کە هەقیقەتی دەوڵەت، بە گوزارشتێك، لە دەرەوەی خودی دەوڵەتدا بوونی هەیە، جگە لەوەی دەوڵەت بۆ خودی خۆی بە چاوی رواڵەتی و فۆرماڵی لە نامۆبوون دەڕوانێت. هەر هاوڵاتییەکی گۆشەگیر لەگەڵ بەشی دەوڵەتی هێزە تاکەکەسییەکانی خۆی هەست

بە نامۆبوون دەکات، ئەو بەشەی کە دواتر دەسەڵاتێکی دیاریکەر لەسەر بوونی کۆمەڵایەتی و ئابوری رۆژانـە پەیدادەکات، کە مارکس ناوی دەنا «کۆمەڵگەی مەدەنی». بە پێچەوانەوە، دیموکراسییەتی بنەڕەتی و راستەقینەی سۆسیالیستی ئەم بەشە گشتی و تاکەکسییانە سەرلەنوێ بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەم کارەی بەمشێوەیە ئەنجام دەدات کە وامان لێدەکات وەك تاکگەلێکی تایبەتیی روون و دیاریکراو لە پرۆسە سیاسییە گشتییەکاندا بەشداری بکەین- بۆ نموونە، لە باتی ئـەوەی وەك هاوڵاتیانی ئەبستراکتی دیموکراسییەتە نوێنەرایەتییە لیبراڵەکان وابین، لە پرۆسە سیاسییەکانی وەرشەی کار یاخود جڤاتی لۆکاڵی بەشداری بکەین. بەم چەشنە، ئاوا دەردەکەوێت کە دوا خەیاڵەکانی مارکس تاڕادەیەك ئەنارشیستیانەیە: خەیاڵێك لە کۆمەڵگەیەکی کۆمەککار، کە تێیدا شتێك پێکهاتووە مارکس ئەو شتە بە «ئەنجومەنە ئازادەکانی کرێکاران» ناودێر دەکـات، ئەو ئەنجومەنە ئازادانەی کرێکاران کە دیموکراسییەت بۆ کایە و سنوری ئابوریش بەربڵاوبکەنەوە، لە هەمان کاتدا، لە سنور و کایەی سیاسی بەدیدێنن. لە رێگەی ئەم ئامانجەوە بوو (نەك ئامانج، لە هەر شتێکی رابـردوو، زۆر شوم و بێخێر یاخود ترسناکە) کە مارکس نەك تەنیا نووسینەکانی خۆی، بەڵکو زۆرترین تەمەن و ژیانی چالاکی خۆی بۆ تەرخانکردووە.

## یاداشت و سەرچاوەکان:

1.Theses on Feuerbach, in Lewis S. Feuer (ed). Marx and Engels: Basic Writing on Politics and Philosophy (London, 1969), p. 286.

.Karl Marx: Early Writings (Harmondsworth, 1975), p. 257 .2

3. هەموو ئەو گوتانەی کە وەرگیراون لە کتێبی دەستنووسە ئابوری و فەلسەفییەکانی 1844ی مارکس، لەم کتێبەدا بە شێوەی کورتکراوەی (sw)نووسراوە. بەندەش دواتر تەواوی ئەو گوتانەی لەم کتێبەدا لە کتێبی ناوبراوی مارکسدا وەرگیراون، لەگەڵ دەقە ئەسڵیەکە بەراوردم کردوون. (و.ك)

4. Feuer, p. 283.

5. Karl Marx: The German Ideology, Edited and introduced by C.J. Arthur (London, 1974), p. 47.

6. ئەو گوتانەی کە لە کتێبی ئایدۆلۆژیای ئەڵمانییەوە وەرگیراون بە شێوەی (GI) ئاماژەی پێکراوە.

The communist Manifesto, in Marx and Engels: Selected .7 Works (London, 1968), p, 38. بەشی دووەمی ئەم وەرگرتنە لەم سەرچاوەیەوەیە:

.8 Karl Marx, Capital, Vol. 1 (new York, 1967), p. 178.

Karl Marx, Grundrisse (Harmondsworth, 1973), p. 488.

Karl Marx, The Holy Family (London, 1956), p. 125.

9. Karl Marx, Contribution to the Critique of Hegel`s of philosophy of Right` in. T. Bootomore "(ed). Karl Marx: Early Writings (London, 1963), P.58.

## بەرهەمە چاپكراوەكانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە كیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە كارل پۆپەر | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانكفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە كریشنا مۆرتی | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سكیۆلاریزم | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون به جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون به هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون به هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون به سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون به نیچه | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون به ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون به سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون به مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون به مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون به مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون به مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون به مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون به مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون به مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون به مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس له سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون به فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون به تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون به شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون به گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون به گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون به ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون به دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون به ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاكان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میكاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَرکَة الحَداثَة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشیاکان | ئەنوەر حسێن | | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 111 | چین و سیستەمی بازرگانیی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 112 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرەتاوی من | سەرهەنگعەبدولڕەحمان | 2016 |
| 114 | ئازدی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 206 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی ڕەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کوردو ئیسلام لە یەکتربڕدا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارڵ مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردەتاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتیی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کوردو مێژووی جەژنی نەورۆز | د. کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندویی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارەتیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەر و پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کار دەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | ئەکرەم میهرداد | 2016 |
| 134 | نامیلکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵڵا | 2016 |
| 136 | ژنێك لەنێو سەردەستەی میلیشیاکاندا | دڵشاد محەمەد - هێمن تاهیر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 137 | مارکس و ڕەخنەی سیاسەت | هاوار محەمەد | 2016 |
| 138 | لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان | یوسف محەمەد بەرزنجی | 2016 |
| 139 | فەلسەفە لەئێستادا | دانا شوانی | 2016 |
| 140 | تیۆری زانینی زانستییانە | دکتۆر حەمید عەزیز | 2016 |